دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٣، سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢١ی دێسامبری ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



**پەیامی «مستەفا هیجری» سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی»**

ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی «حەیدەر قوربانی» ڕۆڵەیەکی دیکەی نیشتمانەکەمانی ئێعدام کرد.
حەیدەر قوربانی کوڕی شەهید عەلی، ئازادیخوازێکی نیشتمانپەروەر و بە ورە بوو کە وەک زۆری دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵات سەری بەرزی بۆ ڕێژیم نەوی نەکرد و بەم چەشنە جێگەی خۆی لەنێو دڵی نیشتمان و نیشتمانپەروەرانی
کوردستان هەتاهەتایی کرد. کوردستان سەربەرزە بە بوونی ئەو لاوانە و دڵی پڕ لە هیوایە بۆ ئازادی.
سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری «حەیدەر»، خەڵکی بەوەفا و خەباتکاری کامیاران و هەموو ئۆگرانی ئازادی لە کوردستان دەکەین. سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی
٢٠ی دێسامبری ٢٠٢١٧ زایینی



پەیامی دەزگای فەرماندەیی، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

٤




کورد و پێشمەرگە و خەباتە ڕەواکەی

٦



ژنان بەرەو ریزەکانی پێشمەرگایەتی

٨



دیمانەی کوردستان

١٠

# پێشمەرگە
# گیانبازی سەرفرازیی نیشتمانە




ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ٢٧٢١ی کوردی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەشدار بوون.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگەیاندنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان لە لایەن بەڕێوەری بەرنامەکەوە دەستی پێ کرد.

پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە، لەلایەن «کاوە بەهرامی» بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

لەو پەیامەدا وێڕای ئاماژە بە دەور و ڕۆڵی پێشمەرگە و پێناسەی پێشمەرگەبوون، جیاوازیی پێشمەرگە لەگەڵ چەکداری دیکەدا باس کرابوو. لەو پەیامەدا هاتبوو کە:

« پێشمەرگە مرۆڤێکی ئازا و سیاسی و وشیاری کۆمەڵگای کوردستانە کە بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و نادادپەروەری ڕاوەستاوە. جیاوازیی چەکی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی سەر بە دیکتاتۆر، لەوەدایە کە پێشمەرگە جەنگاوەری شەڕێکی عادڵانەیە و ئامانجی ڕزگاریی گەلێکە، بەڵام چەکی دیکتاتۆرەکان بۆ پاوانخوازی، پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانە، بەتایبەت چەکدارانی کۆماری ئیسلامی کە چەکی تیرۆر و کوشتن، ئێعدامی بەکۆمەڵ و ماڵوێرانیی گەلانی ئێرانیان بە دەستەوە گرتووە.»

لە درێژەی پەیامەکەی دەزگای فەرماندەییدا باس لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتی پێشمەرگە و چۆنیەتیی هاتنەئارای ڕۆژێک وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە کرابوو. لە بەشێک لە پەیامەکەدا باس لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی پێشمەرگە لەو قۆناغە نوێیەی خەباتد کرابوو و هاتبوو کە :

« بارودۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەی بە ئێمە نیشان دا کە پێویستە جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گوڕوتینێکی جیاواز، بە لە بەرچاوگرتنی وەزعی کوردستان بچێتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

لەو ڕاستایەدا ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی و لە پێلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا بەمەبەستی بەهێزکردنی خەبات و حوزووری چالاکانەی پێشمەرگە لە ناوخۆی وڵات ئەم پرسە گرینگەی خستە بەر باس و دواتر لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥دا سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە مزگێنیی خەباتێکی بێپسانەوەی ڕاگەیاند کە ئاکامەکەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بوو.»

لە درێژەی ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەدا، لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتەوە سروودێک پێشکەش کرا.

بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە تایبەت بوو بە ڕێزگرتن لەو پێشمەرگانەی ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی خەباتدان و لەو بڕگەیەدا وەکوو نەریتی ساڵانەی حیزبی دێموکرات، لەوحی ڕێزلێنان لەلایەن «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێشکەشی ئەو پێشمەرگانە کرا.

ئەو پێشمەرگانەی لە سەرماوەزی ئەمساڵدا بیست ساڵ بە سەر پێشمەرگایەتییان لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا تێدەپەڕی و ڕێز لە خەباتیان گیرا، بریتی بوون لە: « کەریم پەرویزی، تاهیر مەحموودی، ئیسماعیل ڕەحمانی، فەریدە حوسێنزادە، فەرزاد ڕەزایی، حوسێن ئاقایی، کەیوان فاتحی، ڕەزا پیرووزی، ڕێبوار عەبدی و ڕەحمان غەفووری».

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە «دیاکۆ مەسعوودی و شاهۆ غەفووری» لە کادرە پەروەردەییەکانی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرا کە لەلایەن «محەممەدنەزیف قادری»، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتییەوە، پێشکەشی ئەو مامۆستایانە کرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا پەخشانێک لەلایەن «ئیحسان ڕەستگار» پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

دوای ئەو بڕگەیە گۆرانییەک لەلایەن هونەرمەندان «نیزام سەجادی و جەعفەر دۆستاڵی» پێشکەشی بەشداران کرا.

## پەیڤ

## «هەق» لە دار نادرێ

کەریم پەرویزی

لە وێنەیەکی مێژوویی هێرشی سوپای خومەینی بۆ سەر کوردستان لە بانە، سێ نەوەی بەدوای یەکداجێیان گرتووە. یەکیان باپیر ، ئەویتر منداڵێکە لەسەر گڵکۆی باوکی. نەفەری سێهەم، لە ژێر خاکە، لە دڵی نیشتمان جێی گرتووە. باوکی شەهید لەگەڵ کوڕی شەهید لەسەر گڵکۆی پیرۆزی شەهیدە ئازیزەکەیان ڕۆنیشتوون و هەرکام روانینێکیان هەیە بۆ ژیانیان، یەکیان تێی پەڕاندوە و ئەوی دی بەم ڕووداوە دێتە ژیانەوە.

کاتی خۆی دەسەڵاتدارنی ملهوڕ کە نەیاندەویست دەنگی هەقبێژی ببیستن، مەنسووری حەللاجیان لەدار دا ، بەتاوانی ئەوەی دەیگوت «اناالحق». ئەوان وایان دەزانی سێدارە و لەداردان ڕێگە چارەیە بۆ نەبیستن و سڕینەوە، چوونکە ترس لە مردن و لەنێوچوون هەموو مانای ژیانیانی داگیر کردبوو و تەنیا و تەنیا چێژ وەرگرتنێکی ئاسایی خۆیان لە خوێنڕشتنیان بەلاوە گرنگ بوو و بۆیە پێیان وابوو کە سێدارە دەبێتە ئەو ترسە گەورەیەی کە خەڵکی پێ چاوترسێن دەکەن و «هەق»ی پێ دەکوژێننەوە. فەرماندەرانی لەداردانی مەنسووری حەللاج مردن و بە سەرشۆڕی لەنێو چوون و ناویان بۆ هەتاهەتایە وەکوو دێوەزمە لە مێژوو و حیکایەتەکاندا دەوترێتەوە. ناوی مەنسووری حەللاجیشە بەسەر داری سەربەستیەوەیە و بانگی ئەنلهەقی چرکە بە چرکە بە گوێی ئازا و ئازادە و هەقبێژەکاندا دەگوترێتەوە و زایەڵەی دەنگی مافخوازیی شۆڕشگێڕان تا هەتایە بە گوێی نەوە بە دوای نەوەدا دەداتەوە.

سەدان ساڵ دواتر، لەسەر هەمان کورسیی سەرەڕۆیی و ستەمکاری، تاریکبیرانی جەماران دانیشتوون و فەرمانی لەداردان دەر دەکەن. ئەوان پێیان وایە کە کورەکەی شەهید عەلی گەر لەدار بدەن ، ئیدی کارەکەیان تەواوە و دەنگی هەقبێژی دەبڕنەوە. ئەوان وایاندەزانی کە بە کوژرانی شەهید عەلی و شەهیدەکانی دیکە، نەتەوەی کورد و کوردستانیان بێدەنگ و ملکەچ دەکەن و سەریان شۆڕ دەبێتەوە بۆ فەرمانی ملهوڕەکانی تاران، بەڵام کوڕانی شەهیدان و ڕۆڵەکانی گەل پێگەیشتن

درێژە لە لاپەڕەی ٣

کوردستان

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕۆژی کەمئەندامانی ڕیزەکانی خەبات

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیام بۆ ڕۆژی کەمئەندامانی ڕیزەکانی خەبات

ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز، لەلایەن ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە وەکوو ڕۆژی ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی کەمئەندامانی شۆڕش دیاری کراوە. لەم ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا فەرماندەی ئازا و بەوورەی هێزی پێشمەرگە، مامۆستا «حەسەن شیوەسەڵی» لە کردەوەیەکی تێرۆریستیی دوژمنانی گەلدا بەشێک لە ئەندامانی جەستەی لەدەست دا.

لە ڕیزی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورددا، بە سەدان کەس لەوپەڕی گیانفیداییدا بەشێک لە جەستەیان پێشکەشی ڕەوتی خەبات و تێکۆشان کردووە و هەر بۆیە لە وەها ڕۆژێکدا پێویستە ڕێز لە گیانفیدایی، قارەمانی و بەخشندەیی ئەو تێکۆشەرانە بگرین و لەگەڵ هەستکردن بە ئازارە جەستەییەکانیان، شانازی بە بوونیان و بەخشندەییان بکەین.

سڵاوی ڕێز و وەفا بۆ هەموو ئەو بەخشندانە دەنێرین کە گرانبەهاترین سەرمایەیان، بەشێک لە جەستەیان پێشکەشی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریی گەل و نیشتمانی کوردستان کردووە.



**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٦ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پێشمەرگەکان ڕەمزی خۆڕاگریی نەتەوەکەمانن، بۆیە جێگای شانازی و سەربەرزیمانن.

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پیرۆز بێت لە هەموو خەڵکی کوردستان و لە هەموو پێشمەرگەکان کە لە سەنگەری شاخ و شار بە بەخشینی گیانیان پارێزگاری لە مافی گەلەکەمان دەکەن.

**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات**
**مستەفا هیجری**
**٢٤ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید حەیدەر قوربانی



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمی بکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ئازادیخوازانی جیهان!

گەلانی ڕزگاریخوازی ئێران!

خەڵکی نیشتمانپەروەر و خەباتکاری کوردستان!

بەداخەوە ڕادەگەیەنین کە جارێکی دیکەش دەسەڵاتی ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتەی نەتەوەکەمان، لاوێکی گەلخۆشەویست و دێموکراتی لە باوەشی دایکی نیشتمان ڕفاند.

حکوومەتی بکوژی لاوانی کوردستان سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەز، بە شەهیدکردنی «حەیدەر قوربانی»، لوولێکی تاریکتری هەڵپێچا سەر تۆماری دزێوی تاوانەکانی.

شەهید «حەیدەر قوربانی» کوڕی شەهید «عەلی» ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥ لەلایەن چەکدارەکانی ڕێژیمەوە هەڵکوترایە سەری و بە تاوانی ئەندامیەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا دەسبەسەر و پەلکێشی بەندیخانەکانی ڕێژیم کرا. لە ماوەی ٥ ساڵ دەسبەسەری لە بەندیخانەدا وێڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە هەموو مافێکی بەندکراوێکی سیاسی تەنانەت لە چاوپێکەوتنی ئاساییش لەگەڵ خۆشەویستانی بێبەش کرابوو.

شەهید حەیدەر قوربانی لەگەڵ ئەوەی هیچکام لە تۆمەتەکانی دەزگا ناقەزاییەکانی ڕێژیمی وەئەستۆ نەگرتبوو و پاڵپشتییەکی بەرینی ئازادیخوازان و بیروڕای گشتیی بۆ ئازادکردنی لەپشت بوو، ڕێژیم سوور بوو لەسەر بەتاوانبارزانینی و سەرەنجام سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەز لە بەندیخانەی سنە حوکمی داسەپاوی ئێعدامی لەسەر بەڕێوە برد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بە بنەماڵە و کەسوکاری «حەیدەر قوربانی» و خەڵکی کامیاران ڕادەگەیەنێت و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

**دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید حەیدەر قوربانی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت لەسێدارەدانی خەباتکاری سیاسیی کورد «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان !

ئازادیخوازانی ئێران !

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان !

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، بۆ جارێکی دیکەش دەسەڵاتی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، جنایەتێکی دیکەی دەرحەق بە گەلی کورد خولقاند و مافەکانی مرۆڤی پێشێل کرد و خەباتکارێکی سیاسیی خۆشناو و ڕۆڵەیەکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری نەتەوەی کوردی کردە قوربانیی دەزگای سەرکوت و داپڵۆساندن و ڕەشەکوژیی خۆی. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی یەکشەممە لە گرتووخانەی ناوەندیی سنە «حەیدەر قوربانی»، ڕۆڵەی خەباتکاری کوردی بە شێوەیەکی دڕندانە لە سێدارە دا و پەڵەیەکی ڕیسوایی و شەرمی دیکەی خستە سەر لاپەڕەکانی مێژووی پڕشوورەیی خۆی.

شەهید «حەیدەر قوربانی» کوڕی شەهید «عەلی قوربانی» پاش ئەوەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥دا بە تاوانی ئەندامیەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە ڕاپێچی بەندیخانە کرا، کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕاستی درایە پاڵ تاکوو بەو شێوەیە بتوانن بیکەنە قوربانیی سیاسەتی زەبروزەنگی ڕێژیم بۆ تۆقاندنی چالاکانی سیاسی و ئازادیخوازانی کوردستان. لە ماوەی ٥ ساڵ دەسبەسەربوون لە بەندیخانەدا وێڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، لە هەموو مافێکی خۆی وەکوو بەندکراوێکی سیاسی و تەنانەت چاوپێکەوتنی ئاسایی لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەش کرابوو. لەو ماوەیەدا سەرەڕای هەوڵ و داکۆکییەکانی دوو پارێزەری حەیدەر قوربانی بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری و ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی و لەگەڵ ئەوەی کە سیستمی قەزایی ستەمکاری ڕێژیم نەیتوانیبوو هیچکام لە تۆمەتەکانی ئەو بسەلمێنێت و هەروەها سەرەڕای پاڵپشتییەکی بەرینی ئازادیخوازان و بیروڕای گشتی بۆ ئازادکردنی، ڕێژیم سوور بوو لەسەر سەپاندن و جێبەجێکردنی ئەو حوکمە ناڕەوایە. هەربۆیە دواجار سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەز لە بەندیخانەی سنە حوکمی ناڕەوای ئێعدامی ئەو نیشتمانپەروەرە ئازادیخوازەی جێبەجێ کرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بە بنەماڵە و کەسوکاری حەیدەر قوربانی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ڕادەگەیەنێت و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

هەروەها داوا لە بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئازادیخوازانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان دەکەین بە گرتنی هەڵوێستی شیاو و یەکگرتوویی لە بەرانبەر سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێچووی درێژەدانی ئەو سیاسەتانە بۆ ڕێژیم ببەنە سەر و ڕێگە نەدەن ئەو ڕێژیمە تاوانکارە لەوە زیاتر، لاوازیی هەڵوێستەکانی ئەوان وەکوو دەرفەتێک بۆ درێژەدانی تاوانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە کار بهێنێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٩ی دسامبری ٢٠٢١ی زایینی**

# حەیدەر قوربانی زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی کامیاران لە زیندانی سنە لە سێدارە درا



سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەز، «حەیدەر قوربانی» کوڕی «شەهید عەلی»، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری کامیاران، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە زیندانی سنە لە سێدارە درا.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی لە زیندانی سنە حوکمی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردەیان کاتژمێر چواری بەیانی جێبەجێ کردووە. هاوکات یەکێک لە براکانی «حەیدەر قوربانی» لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ئەو سەرچاوە ئاگادارە بە «ئاژانسی کوردپا»ی ڕاگەیاندووە: «هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم، هەموو گۆڕستانی گوندی بزوەشیان لە ترسدا میلیتاریزە کردووە».

پێشتر سەدان هاووڵاتیی خەڵکی کامیاران بە واژۆکردنی نامەیەک ڕوو لە ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی «حەیدەر قوربانی»، زیندانیی سیاسیی مەحکووم بە ئێعدامی بەندکراو لە زیندانی سنە بوون.

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، بنەماڵەی ئەو زیندانییە سیاسییە سەردانی دادگوستەریی گشتیی پارێزگای سنەیان کردبوو و بەو بنەماڵەیە ڕاگەیەندرابوو کە داخوازیی جێبەجێکردنی ماددەی ٤٧٧ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری بۆ «حەیدەر قوربانی» ڕەت کراوەتەوە و دۆسیەی ناوبراو بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی لقی ئیجرای ئەحکامی دادگای ئینقلابی شاری کامیاران کراوە.

مانگی سەرماوەزی ٩٩، «ساڵح نیکبەخت» پارێزەری حەیدەر قوربانی لە وتوووێژێک لەگەڵ «ئیلنا» باسی لە داخوازیی جێبەجێکردنی ماددەی ٤٧٧ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری بۆ بریگرتەکەی کردبوو.

مانگی ڕەزبەری ٩٩، ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی، پێشنوێژی مەزگەوتەکان، مامۆستایانی شارەکانی سنە، مەریوان و کامیاران و هەندێک لە نوێنەرانی مەجلیس لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسی دەزگای دادوەری، داوایان لە ناوبراو کردبوو کە ئیعادەی دادڕەسیی «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ئەوانەوە وەربگیرێت.

مانگی خەرمانانی ٩٩، دیوانی باڵای وڵات ئیعادەی دادڕەسیی ئەو زیندانییە سیاسییەی مەحکووم بە ئێعدامەی ڕەت کردەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژی ٩٩، حوکمی لەسێدارەدانی «حەیدەر قوربانی» زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی سنە، لەلایەن لقی ٢٧ی دیوانی باڵای وڵات لە قوم پشتڕاست کرایەوە.

پاش پشتڕاستکردنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی حەیدەر قوربانی لە دیوانی باڵای وڵات، پارێزەری دۆسیەی ناوبراو، داوای بەدواداچوون لە لقی هاوتەریب لە دادگای ئینقلابی سنەی کرد.

«حەیدەر قوربانی»، کۆتاییەکانی مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٥ دەسبەسەر کرا و هێزە ئەمنییەتییەکان ناوبراویان بە کوشتنی چەند کەس لە دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیم تۆمەتبار کردبوو.

مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵ، تێلێڤزیۆنی ئینگلیزی زمانی «پرێس تیڤی» بە نیشاندانی ڤیدیۆیەکی دێکۆمێنتاری بە ناوی «شۆفیری مەرگ» (راننده مرگ)، بەشێک لەو فیلمە دانپێدانانە زۆرەملێیەی ئەو زیندانییە کوردەی بڵاو کردەوە.

ئەم زیندانییە سیاسییە لە ١٤ی ڕەزبەری ٩٨دا بە تۆمەتی «لێدانی فیزیکی و بریندارکردن بە چەک، بەشداری لە کوشتنی بەئەنقەست، هەوڵدان و یارمەتی بۆ هەڵاتن لە بەدواداچوون و موحاکمە و سزادان، هاوکاری لە کوشتنی بەئەنقەست، دەستپێکی کوشتنی بەئەنقەست، جێگۆڕکێ بە ژمارەی پلاکی ماشین، دەستپێکی دزینی مرۆڤ و وەرگرتنیماڵی دزراو» لە لقی ١ی دادگای کەیفەریی یەکی سنە موحاکمە کرابوو.

ئەم زیندانییە سیاسییە لە لقی ١ی دادگای کەیفەریی یەکی سنە بە سێ زیندانیی تەعزیزی، هەر کامەیان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بۆ سێ تاوانی هاوبەشی لە کوشتنی بەئەنقەست و هاوکاریی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران «بەپێی مادەی ١٣٤ی یاسای سزای ئیسلامی» مەحکووم کرابوو.

هەروەها لقی ١ی دادگای کەیفەریی یەکی سنە ئەم زیندانییە سیاسییە کوردەی بەهۆی دەسبەسەرداگرتن بە سەر دوو ماشینی پژۆ ٤٠٥دا، بە دوو حوکمی شەلاقی تەعزیری هەر کام بە ڕێژەی ١٠٠ لێدان، بە تاوانی دانانی پلاکی ماشین بە دوو زیندانیی تەعزیری هەرکام بۆ ماوەی ١٥ مانگ، بە تاوانی دەستپێکی دزینی مرۆڤ بە سزای ٦ مانگ زیندانیی تەعزیری، بەهۆی سێ تاوانی هەوڵدان و هاوکاری بۆ هەڵاتنی تاوانباران بە ٣ سزای زیندانی هەرکام بە ماوەی ٤ ساڵ مەحکووم کردبوو.

«حەیدەر قوربانی» لە لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە، بە تۆمەتی «بغی، هەڵگرتنی چەک دژ بە ڕێژیم و نیزامی کۆماری ئیسلامی» موحاکمە کراوە و ڕۆژی سێشەممە ٨ی ڕێبەندانی ٩٨، بە فەرمی حوکمی لەسێدارەدانەکەی لە زیندانی سنە پێ ڕاگەیەندراوە.

لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە دۆسیەی ئەم زیندانییە سیاسییە لەلایەن لقی ١ی لێکۆڵینەوەی دادسەرای کامیاران، پۆلیسی ئاگاهی و ئیدارەی ئیتلاعاتی کامیارانەوە ئەنجام دراوە.

# ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز، ٢٦ی سەرماوەز و هەروەها شەوی یەلداچالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبرد

**ورمێ**

لە شوێنەکانی «ئیسلام ئابادی ورمێ، ڕێگای ئەنهەر و ئەلواج» تراکت و پوستێری حیزبی بلاو کرایەوە.
لە پردی قۆیۆن، پردی هەوایی ئابیاری، بامی ورمێ و جادەکانی بەند و هەروەها گوندەکانی «بالوو، دزەی سیاوش و بەندێ» چالاکی تەبلیغی بەڕێوەچوو.
ئەندامانی حیزب لە گەڕەکەکانی «سەیرانگای بەند، شەهرەکی فەرهەنگیان و قەهوە قەباغ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تراکت و پوستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە و لە ڕاپەرین و شۆڕشەوە لە نزیک شار و ناوچەی تەرگەوەڕ و لە دزەی مەرگەوەڕ و لە بەندی ورمێ بە تەقەی خۆشی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و وتنی دروشم ٢٦ی سەرماوەزیان پیرۆز ڕاگرت.

**بۆکان**

ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی کاک «حەسەن شیوەسەڵی»یان بەرز نرخاند.
ئەو شوێنانە کە چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «قوتابخانەی مێعراج و مەولەوی، نەجاری، مزگەوتی جامعەی میراوا، قوتابخانەی میراوای کۆن، سەدری لاهیجانی، بیمارستانی کۆن، مزگەوتی حەسەنی ئیفتخاری، مەیدانی میوە و تەرەبار، پارکینگی شارەداری، مزگەوتی شەهرەکی فەرهەنگیان و مزگەوتی تەنعیم، سەر گڵکۆی هونەرمەند و بولبولی کوردستان نەمر حەسەن زیرەک، پارکی کوی محەممەدییە و چەندین گەڕەگ و شەقامی دیکەی نێوشار».
پێشمەرگەکانی شار لە شەقام و کۆڵانەکانی «سایپا یەدەکی ٢، کۆڵانەکانی دەوروبەری عەلیاباد، تەواوی کۆڵانەکانی مزگەوتی حاجی برایم، شەقامی حسەینی زێڕینگەر، شەقامی حاجی ڕەشید خەبیر و کۆڵانەکانی دەوروبەری» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت.
لاوان لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە شوێنگەلی: «ناڵەشکێنە، کولتەپە، جادەحەسار، جادەی ئەنگیجە، شەقام و مزگەوتی نوور و گەڕەکی فەرهەنگیان»چالاکییان بەڕێوەبرد.
لە ناوچەی «کانی ڕەش و تەرەغە» ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکراتیان هەڵ کرد و تراکتی حیزبییان بڵاو کردەوە.
پێشمەرگەکانی شار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت لە: «هۆتێل مەرمەر، مەنتەقەی سەیفالی، کوچەکانی دەوروبەری چوارڕێیانی ئیتلاعات و ئاوایی ڕەحیم خان» چالاکیی تەبلێغیان بەڕێوەبرد.
لە شوێنەکانی «ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان، سالۆنی سیمۆرغ، سالۆنی وەرزشیی پەروەردە، فرمانداریی بۆکان، بەخشداریی ناوەندی، سینما وەحدەت، سالۆنەکانی وەرزشی، مەیدانی فوتباڵ، ئیدارەی بەرق، پاسگای پۆلیسی فەلەکەی فرمانداری و زۆربەی مەتەبی دوکتورەکان و دەرمانخانەکانی بلواری کوردستان و نەخۆشخانەی کۆنی شار» پوستێر و تراکتی تایبەت بڵاو کرایەوە.
«پارکی ساحلی، پارکی بانوان، سالۆنی وەرزشیی کەوسەر، بنکەی سپا لە ماڵی قاسم ئاغا و کۆڵانەکانی، خیابانی مجسمەی دایک و گەڕەکی باخی قازی». «گڵکۆ و پارکی حەسەن زیرەک و گڵکۆی قالەمەڕە، پردی میراوا، شەقام و کۆڵانەکانی وەحدەت، مەدرەسەکانی باغی فەرهەنگی میراوا، گەڕەکی کۆلتەپە، فەرهەنگیان و شەهرەکی نیروی ئینتزامی، بلواری ماموستا هەژار، جادە حەسار، مەدرەسەی شەهامەت و کۆڵانەکانی و ئاوایی گۆێکتەپەی قەرەمووسالی لە قوتابخانەی سەرەتایی عەولا عەجەمی، مزگەوتی نێو ئاوایی و هەروەها لە جادەی حەسار و لە کۆڵانەکانی شیلانی ١٧ و ١٨» لە چالاکییەکی بەربڵاودا شکۆیان بە ٢٦ی سەرماوەز بەخشی.
پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان لە ئاواییەکانی سەر بە شاری سەقزیش چالاکیی بەربڵاویان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوە برد.
ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بەریتین لە: «تەواوی تابلۆی ڕێگاوبانەکانی کەلی وەنەوشە، نێوان ئاواییەکانی مەرخوز و قشلاق، ئاوایی کۆندەلان، کوێرەگوێز، تایربوغە، بۆبەکتان، جادەکانی گوێزێ و کانی بەند، مەنبەعی ئاوی شێخ چۆپان، بەرزاییەکانی کونە پەنیر و یاسەمەن، ڕێگای نێوان گەورکایەتی سەقز و بۆکان».
تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر پردی میراوا لەسەر بەنێریکی گەورە ڕۆژی پێشمەرگەیان پیرۆزبایی کرد، هەروەها لەسەر پردی هەوایی بەردەم زانکۆی عیلمی کاربوردی و لە بەردەرەشانی مەلالەر و دەشتی ئەحمەدی کوڕ ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.
هەروەها ڕۆڵەکانی گەل لە بۆکان، لە هەوڵێکی بێ وێنەدا، بە ناردنی کورتەنامە بۆ ٥ هەزار کەس ڕۆژی پێشمەرگەیان پیرۆزبایی کرد و دڵی دۆژمنایان وەلەرزە خست.
لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و جامانە و خوێندنەوەی شێعرێک بۆ یادی ڕێبەری نەمەر «دوکتور قاسملوو» پێشوازییان لە شەوی یەلدا کرد.
هەر بەو بۆنەوە لە شاخەکانی بێژنگ لە ناوچەی بۆکان قوتابییانی مەکتەبی قاسملوو، بە خوێندنەوەی شێعرێک و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، پێشوازییان لە شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی کرد.

**مەهاباد**

لە شاری گۆێکتەپە و ئاوایی «لەج» لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی شەقام و کۆڵانەکانیان ڕازندەوە و ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.
ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە لە بەنداوی مەهاباد، پارکی میکائیل، بورجی توتنچی و سەری مەیدانان لە گوندەکانی خەلیفە، برایمە و دێبوکر، هەروەها لە ناوچەی شارویران لە گوندەکانی قجی ئاوا، گابازەڵە و قەرەداغ، ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە گرت و دووبارە جەختیان کردەوە کە پێشمەرگە لەنێو دڵی خەڵکی کوردستانە.
پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی شارویران و مەنگوڕایەتی و نێوشاری مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت، ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹‹ئاوایی داش تەمر، حەمزاوا، حاجی مامیان و لە نێوشار لە گەڕەکەکانی فجر، تەپەی هۆما، مەلاجامی، موکریان، قەبرستانی مەهاباد، پردی قانع، پشت تەپ بەری شیلانان، مەیدانچەی حەسەنزادە، فەلەکەی ساعەت و کۆڵانەکانی و بەشێکی زۆر لە قوتابخانە و مزگەوتەکانی ئەو گەڕەکانە«. لە شاری گۆێکتەپە لە سێڕێیانی ئەو شارە، لە مزگەوتی جامیع، گەڕەکی ئاشتی، گەڕەکی قەڵات و کۆڵانی شەهید سمکۆ و خەرمانان.
لە شارویران لە ئاوایی «قومقەڵا» لە مزگەوت و بەردەم دێهیاری و شوێنە گشتییەکان، پێشمەرگەکانی شار بە نیشانەی وەفاداری لە ماڵێک وەکوو دیاری پێشمەرگەکانی شاخ وێنەیەکی پێشمەرگەیان بۆ دانان.

**شنۆ**

لە گەرکەکانی ڕەحیم ئاباد، شارەکی فەرهەنگیان، گەڕەکی کانی گراوە و ڕەحیمزادە، لەلایەن پێشمەرگەکانی شارەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز بڵاو کرایەوە و ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند.
ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ لە گوندەکانی «کانی ڕەش، هێیە، نەڵیوان، شاوانێ، گەردکاشان، حەسەن نووران و بێژاوێ» لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغیدا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوز و نووسینی دروشم، لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان و شەهیدانی حیزب پەیمانیان نوێ کردەوە و بەڵێنییان دا کە هەتا سەر درێژەدەری ڕێگای شەهیدانی حیزب بن و دەست لە خەبات و تێکوشان هەڵنەگرن.
ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات لە چالاکییەکی بەربڵاودا ئەو ڕۆژە پیرۆزەیان بەرز نرخاندو زایەڵەی «بژی هێزی پێشمەرگە» لە هەموو شەقام و کۆڵانێکی کوردستاندا بەجوانی دەزرینگێتەوە

**پیرانشار**

لە شارۆچکەی «پەسوێ» سەر بە شاری پیرانشار، لاوانی دەروەستی نیشتمان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵایەکی گەورەی کوردستان بە درێژایی ٥ میتر و پانایی ٣ میتر، دڵی خەڵکی ناوچە و بە تایبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسییان شاد کرد.ئەم ئاڵایە هەتا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە بەرزاییەکانی پەسوێ شەکایەوە و دواتر هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم چاویان بە دیتنی ئەو ئاڵایە هەڵ نەهات و زۆر ترسنۆکانە و بە هێزێکی زۆرەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هێنایە خوارەوە.
ئەو شوێنانەی کە لە شاری پیرانشار چالاکییان لێ بەڕێوە چووە بریتن لە: «کۆڵانەکانی دەوروبەری محەممەد ئەوراز، ٢٤ میتری، مام خەلیل، تالاری هۆزان و تالاری ژینۆ»؛ هەروەها لە گوندەکانی «زنگیاوێ، شنۆ زەنگ، خورینج، گردەبن، خەراپە، خرێ بەرداشان، دەوروبەری بەنداوی کانی سێو و سۆغانڵو، کۆنەخانێ و دەوروبەری مزگەوتی قیبلە، خیابانی کاسەکەران و مزگەوتی سەلمانی فارس، مزگەوتی ئەنسار و کانیی کۆنەخانێ، قوتابخانەی موتەهەری، مزگەوتی حەزرەتی عەلی و پردی کرێ کۆڵان، باڵاشار بەگشتی» هەروەها «بەنداوی کانی سێو، زینوێنجیان، بەردەقەل، زەنگیئاوێ، بازاڕی شنۆزەنگ، شنۆزەنگ، زێوە، کۆنە لاجان، کاسوورەدێ، گەزگەسک، کەڵەکین و بندڕێ».
لە «سەرۆکانی و گوندی مێشە دێ» ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بەرز ڕاگیرا و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکت و پۆستێری حیزبیان بڵاو کردەوە.
ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە گردکشانە، سەروکانی و سەنجەڵێ بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی دروشم ڕێزیان لە ٢٦ی سەرماوەز گرت و مەکوڕبوونی خۆیان لەسەر ڕێبازی پیرۆزیی پێشمەرگە دووپات کردەوە.

**نەغەدە**

هەر بەو بۆنەوە لە شاری نەغەدە تیکۆشەرانی دێموکرات لە گوندەکانی «گەرگولی سەرێ، کانی مەلا، کانی بداغ و تابلۆکانی سەر ڕێگای سەری مەیدانان››، چالاکیی تەبلغییان بەڕێوە برد.
ئەندامانی دڵسۆزی حیزب بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە وەفاداری بۆ شەهید «قادر کەریمی» و هەموو شەهیدانی کوردستان لە فەلەکەی محەممەد ئەوراز ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد و ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند، هەروەها لە گوندی کۆیکان و سەر ڕێگای قارنێ تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکییەکی بەربڵاویان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی چالاکیی تێدا بەڕێوە چوون بریتین لە: «پردی ٥٣ هێکتاری، شەقامی سونەت، کۆڵانی ئەحمەد شاتر، شەقامی پیرانشار، کۆڵانی حوسێن خەڵیفانی، گوندی خەڵیفان، گوندی دەشتی قورێ، پێچی قارنێ، مەیدانی فوتباڵی کاویانی نەغەدە، ڕێگای حەوت کانی، مدرسەی محەممەد ڕەئوف، مخابەراتی لالەی نەغەدە، قوتابخانەی ئازادەگان، فەلەکەی مادەر، پارکی موعلیم و فەلەکەی محەممەد هەوراز».
هەروەها لە شاری نەغەدە، پێشمەرگەکانی شار بە جلوبەرگ و چەک و ڕەختی پێشمەرگە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و خوێندوەی شێعرێک، شەوی لەدایکبوونی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور «قاسملوو»یان بەرز نرخاند.

**ساین قەڵا**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەسەر تابلۆی شاری ساین قەڵا و گوندەکانی «ئورتاکەند، ترکاشە، قەدیم و قشلاخ» بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**سنە**

پێشمەرگەکانی شار بە ڕۆژی ڕووناک و بوێرانە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە برد و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت ناو و شکۆی پێشمەرگەیان بەرز و پیرۆز نرخاند. بەشێک لەو شوێنانەی کە لە سنە چالاکیی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە: «شەقامی سیرووس، دەور مەیدان، شاپوور، چوارباخ، فیردەوسی، بلواری کوردستان، شەهرک سەعدی، بەهاران، زاگرۆس و ویلاشار».
لە ناوچەی دێولان و لەیلاخی سنە ئەندامانی دڵسۆز و چاونەترسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی ئەندامانی حیزب چالاکییان تێدا بەڕێوە بردووە بریتییە لە ئاواییەکانی: ‹‹جادەی بیجار- دێولان، جادەی قوروە- بیجار و قوروە- دێولان، ئاوایی کاکە جۆ، بەبەجان، بایە، قەڵا پۆڵا، خێڵەک، سەراو شارەک، شارەکی گەورە، زەرین جۆ، چەشمەنتش و هەروەها شارەدێی سرێش ئاوا بەگشتی، سیان و بلدەستی».
پێشمەرگەکانی شار لەنێو شار لە گەڕەکی فەراحی و چوارڕێیانی چوار باخ و شاخی ئاویەر و هەروەها لە ئاوایی نییەری پێشمەرگەپەروەر بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند و لە پەیامێکدا پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ پێشمەرگەکانی شاخ نوێ کردەوە.

**مێراو**

لە ئاوایی مێراو لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها نووسینی دروشمی ٢٦ی سەرماوەز چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد.

**شوێشە و ناوچەی کەڵاتەرزان**

ئەو شوێنانە کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «نێو شاری شوێشە، بلواری قاسملوو، شەقامی ئاویەر، شەقامی مەولەوی، پارکی مناڵانی وەرزشی مەحمودخان، کۆڵان بە کۆڵانی ناو شاری شوێشە، گوندەکانی خرۆسە، تازاوا، عیسیاوا، بزان، کەڵاتێ، تەوار مەلا، عەلی ئاوا، جادەی شوێشە بۆ سنە و جادەی سنە بۆ مەریوان».

**کامیاران**

هاوکات لە شاری کامیاران تێکۆشەرانی دێموکرات لە جادەی کامیاران، دوورڕیانی مۆرژ، جادەی دێولان بۆ کامیاران، شاری مۆرژ، مێراوا و ئاوایی کەیلەولان» بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند.

**پاوە**

هەر بەو بۆنەوە لە بەرزاییەکانی شاری پاوە، ئەندامانی کۆڵنەدەری دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان پێشوازییان لە ڕۆژی پێشمەرگە کرد.
تاران؛ هەروەها لە شاری تارانی پێتەختی ئێران ئەندامانی تیکۆشەر و بوێری حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، تراکت و ئارمی حیزب و ئەساسنامەی حیزبیان لە مەیدانی ئازادی، زانکۆکانی تاران و سەنعەتی شەریف بڵاو کردەوە.
هەروەها لەنێو خوپیشاندانی مامۆستایان کە لە بەردەرگای مەجلیسی شورای ئیسلامی کۆبوونەوە، تراکتی حیزب و ئەساسنامەی حیزب بڵاو کراوەتەوە.

**مەریوان**

ئەندامانی تیکۆشەری دێموکرات لە شاری مەریوانی دوازدە سوارەوە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری حیزبی ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز و پیرۆز نرخاند.

**سەقز**

ڕۆڵە بوێرەکان و هەردەم لە سەنگەری تێکۆشان بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز نرخاند و سووربوونی خۆیان لەسەر ڕێبازی پیرۆزی پێشمەرگە دووپات کردەوە.
ڕۆڵە بوێر و تێکۆشەرەکانی دێموکرات بە نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکان و بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەز لە شەقام و کۆڵان و ماڵان و شوێنە گشتییەکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد .
ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «گەڕەکەکانی تازاوا، شارۆچکەی زاگروس، شارۆچکەی کوردستان، حەماڵاوای خواروو، مزگەوتی ئەمین، قوتابخانەی ئازادگان، سەرچەم، حەماڵاوای ژووروو، مزگەوتی حاجی نێعمەتی، قوتابخانەی لالەهای ئینقلاب، شارۆچکەی موکریان، عەباساوا، قەرەچیاوا، بلواری شافێعی، شەقامی ڕوودەکی، ٣٢ میتری، دەوروبەری مزگەوتی فەخری ڕازی، شارۆچکەی ئازادگان، شاناز و دەوروبەری مزگەوتی حەزرەت عومەر و شەقامی موعەلم».

**دیواندەرە**

لە دیواندەرە یخۆڕاگرەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لەنێو شار لەسەر دیواری ئیتلاعات و لە ناوچەی ساراڵ لە گوندەکانی «بەردەڕەش، هەیبەت ئاوا و تازاوای کۆن» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی خۆشەویستیی و شکۆی پێشمەرگەیان لەنێو خەڵکدا بە دوژمنانی گەل سەلماندەوە.
هاوکات ئەندامانی چالاک و تێکۆشەری حیزب لە ناوچەی حوسێن ئاوای دیواندەرە بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و هەروەها ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بەم بۆنە پیرۆزەوە شایی و خۆشییان گێڕا.

**بانە**

هاوکات لە شاری بانەی ئارباباوە ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە دەروروبەری شارەدێی «ئارمردە، شاخەکانی دەوروبەری نزیک تاژان، ڕەزپیر، سێڕای برینجاڕ و جادەی گەرماو» بە نووسینی دروشم و ئاڵای کوردستان ڕۆژی پێشمەرگەیان پیرۆز ڕاگرت.
سەردەشت؛ لە شاری سەردەشت قارامانانەوە تیکۆشەرانی دێموکرات لە ڕێگای «سێپەکان، ڕێگای بێلۆکێ، جادەی ئالوتان و دێژبانی کۆڵەسە، شیرکەتی گازی میراوێ، ترمینال، مزگەوتی بازار، دێژبانیی سپا»بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا و پشتیوانیی خۆیان لە پێشمەرگە دووپات کردەوە.
لە سەردەشتی مەلا خەلیل و مەلا ئاوارەوە لە «میراوا، سێڕێیانی ئالوتان، بێلۆکێ، پردی جۆلانە»، قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە کاری تەبلغییان کرد و ئەو ڕۆژەیان بەرز نرخاند.

**دالاهۆ**

لە شاری داڵاهۆی کرماشان، تیکۆشەرانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد و وەفاداریی خۆیان بە گەل و نیشتمان کە پێشمەرگە گیانفیدایەتیی نیشان داوە.

## درێژەی پەیف

و حەیدەر هاتە مەیدان تاکوو بانگی هەق بڵێتەوە. ئەمجارە تاریکبیرانی جەماران و گۆپاڵ بەدەستەکانیان وایانزانی تەنیا کارێک ماوە ئەوەیە کە کوڕانی شەهیدیش لەدار بدەن تاکوو تۆوی سەربەرزی و مافخوازی لە کوردستان بنبڕ بکەن.
ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ فەرمانی مەرگەکەیان دەرکرد، بەڵام خۆیان لەو فەرمانەیان زەندەقیان چووبوو! هەر بۆیە لە تاریکیی شەو و بەدزیەوە حەیدەری کوڕی شەهید و ڕۆڵەی نیشتمان و ڕێبواری ڕێگای قاسملووی نەمریان شەهید کرد و هەر بەدزیەوە تەرمەکەیان خاک کرد چوونکە لە دەنگی شەهید حەیدەر دەترسان.
بەڵام وەکوو هەمیشە نەیانزانی کە هەق لەدار نادرێ. بەڵکوو بە هرۆژمیان بۆسەر هەقیقەت دەبنە هۆی زیاتر و بەرفراوانتر بوونی دەنگی هەقیقەت و هەقبێژی و هەمان ڕۆژ خەڵکی کامێران لەبەر ماڵی شەهید حەیدەر کۆبوونەوە و هاواریان کرد کە شەهید نەمرە وەکوو شاخ ، وەکوو شار ، وەکوو ژیانەوەی خەبات وەکوو سەرهەڵدانەوەی نەوەی

# پەیامی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبۆنەی٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

**خەڵکی خەباتگێڕ و تێکۆشەری کوردستان**
**بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان**
**زیندانیانی سیاسی**
**پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی کوردستان**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەشداربووانی بەڕێزی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز**

سڵاوێکی گەرمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانتان پێشکەش دەکەین
سلاو دەنێرین بۆ ئەو پێشمەرگە فیداکار و گیانلەسەردەستانەی، باشترین ساتەکانی ژیانی خۆیان فیدای ڕزگاریی گەل و نیشتمان کرد.
سڵاو لە شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان فیدا کرد.

**هاوڕێیانی بەڕێز:**

کۆ بووینەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە مرۆڤگەلێک کە بێ بەرانبەر هەموو ژیانی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیان پێشکەش کردووە، ئەم توێژە گەلویستە، پێشمەرگەی خۆبەخشی کوردستانە.
ئەورۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، واتە ڕۆژی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەر و بەهەڵویست و لەخۆبوردوانەیە کە سەنگەری خەباتیان زیاتر لە٧٥ساڵە لە کوردستان پێشتر دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەنووکەش دژی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی قایم و گەرم ڕاگرتووە و شانازیی بەردەوام بوونی خەبات دژی چەوسانەوە و کۆنەپەرەستی بەم توێژە شۆڕشگێڕە، واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەخشراوە.

**پێشمەرگە کێیە؟**
**ئایا پێشمەرگە هێزی چەکدارە؟**

پێشمەرگە مرۆڤێکی ئازا و سیاسی و وشیاری کۆمەڵگای کوردستانە، بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دژی دیکتاتۆرییەت و کۆنەپەرەستی و نادادپەروەری ڕاوەستاوە، جیاوازی چەکی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی دیکتاتۆر لەوەدایە پێشمەرگە جەنگاوەری شەڕێکی عادڵانەیە و ئامانجی ڕزگاریی گەلێکە، بەڵام چەکی دیکتاتۆرەکان بۆ پاوانخوازی، پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانە، بەتایبەت چەکدارانی کۆماری ئیسلامی کە چەکی تیرۆر و کوشتن، ئێعدامی بەکۆمەڵ و ماڵوێرانیی گەلانی ئێرانیان بە دەستەوە گرتووە.
- پێشمەرگە خەباتکارێکی بە بیر و باوەڕە کە بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەردەگرێ و خۆی لە یەک شێوە خەباتدا قەتیس نەکردووەتەوە، بەپێی واقێعبینیی سیاسی و هەلومەرج و هاوکێشە سیاسییەکان، لێکدانەوە دەکا و پاشان بڕیار لەسەر شێوەی کار و خەبات دەدا. ناو و ناسنامەی پێشمەرگە لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان وەک سیمای مرۆڤێکی ئازادیخواز و ڕزگاریدەر و دژی تیرۆریسم وەرگیراوە، گەلان بەچاوێکی کراوە دەڕواننە کار و کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریدەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**بۆ وشەی پێشمەرگە هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی نەتەوەی کورد؟**

پێشەوا و کۆمار گەلێک شانازیان بۆ کوردستان و کورد و حیزبی دێموکرات تۆمار کردووە، یەک لەو شانازییە مەزنانە کە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤانییەکان، بەتایبەت لە هەر چواربەشی نیشتمان بە نەمری دەمێنێتەوە، ناوی بەرز و پیرۆزی پێشمەرگەیە کە یەکەم چەخماخەی یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماردا لە ژێر ڕێنوێنی پێشەوا قازی لێدراوە بە جێی وشەکانی سەرباز و فیدایی وشەی پڕ لە هەیبەتی پێشمەرگە دانرا، کە سنووردانانێک بوو لەگەڵ ئەوی تردا.
پێشمەرگە بوو بە پارێزەری خاک، بەرگریکار لە نیشتمان و گیانفیدا بۆ نەتەوەکەی، هاوشان لەگەڵ ئاڵا و سەروەریی نەتەوایەتی، ڕەمزی مانەوەی هەتایی نەتەوەی کوردن. وشەی پێشمەرگە لە پێناسەدا پێش لە مەرگە بەڵام لە مانادا پارێزەرە لە کەرامەت یان موجوودیەتی گەل و نیشتمان.
ئەگەر باس لە فیداکاری، گیانبەختکردن و تێکۆشانی پێشمەرگە لە بواری نیزامی و حەماسەکانی بکەین دەبێ بڵێین هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگەیە. بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەک سومبولی شۆڕشگێڕی و بەرخودان ڕۆژی٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کراوە.
تایبەتمەندیی ئەم ڕۆژە لەوەدایە کە لە ساڵی١٣٢٤ لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کورد لە شاری مەهاباد هێرشیان کردە سەر شارەوانیی ئەو شارە و ئاخرین پاش ماوەیەک هێزی چەکداریان لەو شارە تێکەوەپێچا و ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. ساڵی ١٣٦٣ لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا، لەم ڕۆژەدا ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان هەڵکرا و بە خۆشییەوە تا ئێستا شەکاوەیە.
خەباتی گەلەکەمان بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە:
هەورازەکان پشتی هێزی پێشمەرگەی نەوی نەکردووە، لەگەڵ کەندوکۆسپەکان دستەو پەنجەی بە هێز و تاکتیکی شۆڕشگێڕانەی خستووەتە کار، بە پێی هەلومەرجی قۆناغەکانی خەباتی ئاڵوگۆڕی لە خەباتدا پێک هێناوە بەڵام ڕانەوەستاوە، لە پەلاماردان کەمی نەهێناوە و لە شەڕی بەرگری سوارچاکی مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ بووە. لە تاکتیکەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ستراتێژی حیزب زۆر بە باشی کەڵکی وەرگرتووە. کۆڵنەدانی ئەو هێزە بەهێز و شۆڕشگێڕە کاتێک خۆی دەنوێنێ لە شەڕ و پێکدادانەکان دژی دوژمن هەردەم سەرکەوتوو بووە، کۆسپ و تەگەرەکان نەبوونەتە هۆی ڕاوەستانی، لە شۆڕش ؛ بەردەوام بووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد، لە پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بووە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بایەخدان بە شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەک کەمتر هێزی پێشمەرگەی لە ناوخۆی کوردستان لە بواری حوزووری عەمەلیاتییەوە بەکار هێنابوو، بەڵام بارودۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەی بە ئێمە نیشاندا کە پێویستە جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە گڕ و تینێکی جیاواز، بە لە بەرچاو گرتنی وەزعی کوردستان بچێتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لەو راستایەدا ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی و لە پێلونومی کۆمیتەی ناوەندی بە مەبەستی بەهێزکردنی خەبات و حوزووری چالاکانەی پێشمەرگە لە ناوخۆی وڵات ئەم پرسە گرینگەی خستە بەر باس و دواتر لە نەورۆزی ساڵی١٣٩٥ سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە مزگێنیی خەباتێکی بێپسانەوەی ڕاگەیاند کە ئاکامەکەی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» بوو.
پێشمەرگە وەک قەڵایەکی پۆڵایین لە بەرانبەر سیاسەتی زەبر و زەنگ و ئێعدام و گرتن و ئاسیمیلەکردن و هەندێ کلتوور و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیم قارەمانانە راوەستاوە و لەو پێناوەدا دەیان شەهیدی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کوردستان کردووە. لە ئاکامی ئەم شێوە خەباتەدایە کە لاوانی کوردستان، پۆل پۆل لە کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەست دەبن بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەم کردەوە و هەڵویستە شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاردانەوەیەکی ئەرێنی بوو لە سەر ورەی خەڵکی کوردستان تا بتوانن لە قۆناغە دژوار و سەختەکاندا بە گژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە بۆ ئەوەی کاتی پێویست بتوانن بێنە مەیدان.
لە ڕاستیدا ڕۆژی٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێنی گەل و پێشمەرگەیە بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لەبەرانبەر ڕێژیمی تیرۆریست و تێروریستپەروەری کۆماری ئیسلامی و لەو ڕۆژەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە کردەوە نیشان ئەدەن یار و یاوەری هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، بە هەڵگرتنی ئاڵا و لوگۆ و دروشم و بە شادی و خۆشی ڕێز دەگرن لە ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانیان کە بە خوێنی خۆیان بۆ ڕزگاریی ئەوان دژی ئەم نیزامە دیکتاتۆرە خەبات دەکەن.

**هاوڕێیانی بەڕێز:**

نیشتمانی ئێمە لە هەلومەرجێکی تایبەتدایە، ناوچەکەمان ئاڵۆزە و ئاڵوگۆڕەکان لە ئەگەری هاتنە مەیدانن.
پێشمەرگەکان پێویستە لە باری فکری و جسمی و نیزامی، زانیارییەکانی خۆیان بەرنەسەرەوە بە شێوەیەکی باش لە سیاسەتی حیزب تێبگەن و چۆنییەتی بەکارهێنانی چەک و کەرەستە نیزامییەکان و زانستی نیزامی بە باشی فێر بن. تاکتیکەکانی دوژمن بناسن، لەکاتی پێویست وەک بەرپەرچدانەوەیەک کەڵکی لێوەرگرن. هەروەها تاکتیک و تکنیکەکانی خۆیان بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی دوژمن ئاڵوگۆڕی بەسەردابێنن . فێری مەهارەت و خەلاقییەت و لەمیدانی شەڕدابوون بن.
هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە چەک و کەرەستەی قورسی وەک دڕۆن و چەکەکانی دیکە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شوێنەواری ڕاسان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کۆماری دژی گەلیی ئیسلامی خستە مەترسی و ئەو هێرش و پەلامارانە لەو ڕاستایەدایە. راسانی ڕۆژهەڵات پرۆسە و بەرنامەیەکی فرەڕەهەندە کە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخستن، دیپلۆماسی،سیاسی،کۆمڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە، ئەم چەمکە بەهێزە کە لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە بە گڕوتینەوە پێشوازی لێکراوە، و هاوکار و پشتیوانی ئەو خەباتە نوێیە بوون و هاوکات بە قارەمانەتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەرەی ستاند، لە راستیدا چەمک و دەستەواژەی خەباتی «شار و شاخ» بە چەکی هێزی پێشمەرگە قارەمانەکان و خوێنی شەهیدە سەربەرزەکان لە ڕۆژهەڵات سەلمێندراوە.
هەربۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێز و توانای خۆیەوە لە هەر کات و شوێنێکدا هێرش دەکاتە سەر گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێرش و پەلامارەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستان نیشانەی بەهێزبوونی ئەم ڕێژیمە داگیرکەرە نییە، مێژوو سەلماندوویەتی هەرکات دیکتاتورەکان دەگەنە ئاستێکی نالەبار، زەبروزەنگ و کوشت و کوشتار لە خەڵکی خۆیان دەکەن.

**بەڕێزان:**

پەیامی ئێمە بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ و توندوتۆڵکردنی خەبات و بەشداریی گەرمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە هاوکار بن لە ڕێکخستنی خەباتێکی مەدەنیی هەمەلایەنە کە شوێندانەر بێت. لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا و ئامادەبوونتان لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لەکاتی هێرش و پەلامار بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئەرکی نەتەوایەتییە، داوامان ئەوەیە، کاسبکاران ،کوڵبەران ، ڕووناکبیران و هەموو چین و توێژەکان بۆ پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی خەڵک یەکهەڵویست بن.
کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تیرۆریستیی دیکتاتۆری نیزامییە کە لە ڕێگای دێموکراسی و خەباتی مەدەنی ئاڵوگۆری بەسەردا نایە. پێویستە گەلانی ئێران بێنە میدانی خەبات و بە گژی بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا بچنەوە، دەستەوەستان نەبن، ڕێگا نەدەن بە چەک و کەرەستەی نیزامی هێرش بکرێتە سەریان، بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە خۆتان بکەن.

**هاونیشتمانانی بەڕێز:**

لە هەلوومەجی ئێستا و لە سەدەی ٢١دا، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە باوڕێکی قووڵەوە دەڕوانێتە دەورو نەخشی هەر تاکێک کە خزمەت بە ئامانج و هیوای پێشمەرگە دەکا.
لە شانۆکارێکەوە بگرە تا ڕۆژنامەنووسێک، کرێکارێک یا خوێندکارێکی مەتەرێزی زانکۆ، جووتیارێک یا کاسبکارێکی بازار و کۆی پێکهاتەی ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵگای کوردستان، هەرکام لە شوێن و پێگەی خۆیاندا دەتوانن دەوری پێشمەرگە بگێڕن، کتێب و سینەما و بازاڕ و زانکۆ بکەنە سەنگەرێکی بەهێز بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی گەلەکەیان و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆری بیرتەسکەکانی کۆنەپەرەستی سەدە ناوەڕاستی.

**لە کۆتاییدا ئەوەی ڕوون و بەرچاوە:**

کردەوە دژیگەلییەکانی ڕێژیم نیشانەی کۆتایی تەمەنی ئەم دیکتاتۆرانەیە، مێلیتاریزەکردنی کوردستان پێوەندیەکی نامۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە، سازماندانی هەزاران دەزگای سیخوڕی لە بوارەکانی: سایبێری و بەسیج و بە نیزامیکردنی حکوومەت واتە وەزارەتخانەکان زەختی هەمە لایانەی ڕێژیم بۆ سەر گەلانی ئیران لە پێوەندی لەگەڵ مانەوەی خۆی، لە گرەوی هێزی نیزامیی ناوەندە جاسووسی و سیخوریەکانی دەبینێ.
گەلانی بەشەرەفی ئێران، هێزە ئازادیخوازەکان، ڕێژیمی ئێران لە هەموو بوارەکاندا پرۆسەی مانەوەی بەرەو تەواو بوونە. ڕێژیمێکی فاشل کە تەنیا بە زەبری هێزی نیزامی خۆی ڕاگرتووە، یەکیەتی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی فاکتۆرێکی گرینگە بۆ تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتیک و فیدراڵ.

**سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**بڕووخێ ڕێژیمی تێرۆریستیی**
**کۆماری ئیسلامیی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای فەرماندەیی هێزی**
**پێشمەرگەی کوردستان**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**



# مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەروەری لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە

ئیدریس ئەحمەدی



دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە ساڵی ١٣٦٤دا پێشکەشی کردبوو و لە بەرگی یەکەمی «تاڤگەی هەقیقەت»دا چاپ کراوە، وەڵامی چەند پرسیارێکی گرینگ دەداوەتە کە بایەخی ستراتێژیکیان بۆ بزووتنەوەی کورد هەیە.

دوکتور قاسملوو ئاماژە بەوە دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێ لە شکڵی خودموختاری، فێدراڵیزم یان سەربەخۆیدا بێ.

هەر لەو پەیوەندییەدا ڕوونی دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات بە پێی لێکدانەوەی بارودۆخی جێوسیاسیی کوردستان، خودموختاریی وەک ئامانج دیاری کردووە. (حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١٣دا ئەو ئامانجەی گۆڕی بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ، بەڵام سەرەڕای ئەو گۆڕانە لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا، مەسەلە ستراتێژیکەکان، بە تایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی جێوسیاسیی کوردستان، هەر لە جێگای خۆیاندا ماون. بەو پێیە، ئێستاشی لەگەڵ بێ، لێکدانەوەی دوکتور قاسملوو لە سەر ئەو مەسەلە ستراتێژیکانەی کە پەیوەندیدارن بە دۆزی کوردەوە، لە جێگای خۆیدایە.)

دوکتور قاسملوو لە باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەدا کە کوردستان نیشتمانێکە کە لە ڕووی جێوسیاسییەوە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەیە؛ ئەویش بریتییە لەوەی کە هەڵکەوتووە لە نێوان چوار دەوڵەتدا، کە کوردستانیان ئابڵۆقە داوە، هەروەها کوردستان ڕێگای بۆ دەریا نییە کە ئەمەش شکاندنی ئەو ئابڵۆقەیەی مەحاڵ کردووە. لە لایەکی دیکەوە، بارودۆخی ستراتێژیکی کوردستان دژوارە؛ بزووتنەوەی کورد پشتیوانی دەرەکیی نییە. لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بە کەیسی بەنگلادێش دەدا، کە بە هۆی ئەوەوە کە ڕێگای بۆ دەریا هەیە، هەروەها پشتیوانی هیندووستانی هەبوو، دواجار توانی لە پاکستان جیا بێتەوە و سەربەخۆیی وەدەست بێنێ.

بەو پێیە، دوکتور قاسملوو لە باسەکەیدا جەخت دەکاتەوە کە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی کورد خودموختاریی وەک ئامانج دیاری کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی جێوسیاسی و ستراتێژیکی کوردستان، نەک ئەوەی بزووتنەوەی کورد ترسی هەبێ لەوەی کە سەربەخۆیی مەترەح بکا. دوکتور قاسملوو لە درێژەی باسەکەیدا ئەوەشی لێ زیاد دەکا کە ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەهێز لە کوردستاندا لە ئارادا بێ، دەتوانێ سەربەخۆیی وەدەست بێنێ، بەڵام بە هۆی بارودۆخی جێوسیاسی و ستراتێژیکی کوردستانەوە، ناتوانێ ئەو سەربەخۆییە بپارێزێ.

کەوابوو، ڕاگەیاندن یان وەدەستهێنانی سەربەخۆیی مەسەلەیەکە، پاراستنی ئەو سەربەخۆییە، مەسەلەیەکی دیکەیە. ئێمە ئەمەمان بە مانایەک لە کەیسی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستاندا بینی. لە گەڵ ئەوەی زیاتر لە ٩٠٪ی لە دانیشتووانی باشووری کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، بەڵام نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی لێی، هەروها واقعیاتی جێوسیاسی کوردستان وای کرد کە ئارەزووی زۆرینەی دانیشتوانی باشوور وەدی نەیەت. هەروەها شاهیدبووین کە چۆن ئێران و تورکیە بە ئابڵۆقەدانی باشووری کوردستان، ڕێگریان لەوە کرد کە ڕێفراندۆم سەر بگرێ.

وەک باس کرا، لێکدانەوەی دوکتۆر قاسملوو لە سەر ئەو مەسەلە ستراتێژیکانەی کە پەیوەندیدارن بە دۆزی کوردەوە، ئێستاشی لە گەڵ بێ لە جێگای خۆیدایە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە نە گۆڕانێک لە بارودۆخی جێوسیاسی و ستراتێژیکی کوردستاندا هاتووەتە کایەوە، هەروەها نە سیاسەتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە لەهەمبەر مەسەلەی کورد گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. ئەگەر ئەو دەوڵەتانە سیاسەتی خۆیان لە هەمبەر مەسەلەی کورد گۆڕیبایە، ئەوجا بارودۆخی جێوسیاسی کوردستان لە خۆیدا بەربەست نەدەبوو لە سەر ڕێگای سەربەخۆیی کوردستاندا، جا لە بەشێکی دیاریکراو لە کوردستاندا بێ، یان لە هەر چوار پارچەکەیدا.

بە پێچەوانەی هێندێک بۆچوون، کە زۆرتر دەکەونە خانەی پڕوپاگاندەوە، هۆکاری ئەوەی کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات ساڵانێکی زۆر خودموختارییان وەک ئامانج بۆ بزووتنەوەی کورد دیاری کردبوو، ئەوە نەبوو کە چەپی ئێرانی یان چەپی عێراقی بەسەر بزووتنەوەی کوردیاندا سەپاندبێ. لە لایەکی دیکەوە، وەک تێبینییەکی مێژوویی، لە جێگای خۆیدایە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێ کە ئەوەڵ جار کە مەسەلەی خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی وەک چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد هاتە ئاراوە، لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بوو، هەروها شێوە چارسەرێک بوو کە بریتانیا هێنایە گۆڕێ لە پەیوەندی لە گەڵ باشووری کوردستاندا.

بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بە هەمان شێوە بۆ چەندین دەیە ئۆتۆنۆمیی وەک ئامانج دیاری کردبوو، واتە پێش شکڵگرتنی حیزبی کۆمونیستی عێراق. لەو باسەی کە ساڵی ١٣٦٤ پێشکەشی کردووە و دواتر بڵاو بووەتەوە، کە وێ دەچێ باسێک بێ لە پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا پێشەکەش کرابێ، دوکتور قاسملوو لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە هەوڵ دەدا مەسەلەی خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی تێوریزە بکا.

سەبارەت بە خودموختاری، بەدەر لەوەی دوکتور قاسملوو وەک شێوەیەک لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەزانی، هەروها جەخت دەکاتەوە کە خودموختاری بریتییە لە وەدەستهێنانی سەروەری (حاکمیت). لەو بارەوە جەخت دەکاتەوە کە گرینگ ئەوەیە خەڵکی کوردستان، کاتێک کە خودموختاری وەدی هات، «بۆخۆی هەست بەوە بکا کە لە وڵاتەکەیدا بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە بە سەریدا حاکم نییە.»

لەو پەیوەندییەدا، دوکتۆر قاسملوو دەفەرمێ کە خودموختاری لە کوردستاندا دەبێ لە سەر سێ کۆڵەکەی ئەساسی ڕاوەستێ بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەست بەوە بکەن کە لە وڵاتی خۆیاندا خاوەن سەروەرین. یەکەمیان بریتییە لەوەی کە سەڵاحییەتی دابینکردن و راگرتنی ئەمنییەتی نێوخۆیی کوردستان لە ئەستۆی پێشمەرگەدا بێ. دووهەمیان بریتییە لەوەی کە لە کوردستاندا زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێ. سێهەمیان بریتییە لەوەی کە ئەو خودموختارییە لە سەر تەواوی خاکی کوردستاندا، واتە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان، جێبەجێ بکرێ.

بە کورتی، ئەو مۆدێلەی لە خودموختاری کە دوکتور قاسملوو لای پەسەند بوو، سێ کۆڵەکەی خاک، زمان و ئەمنییەت لەخۆ دەگرێ و بە بێ ئەمانە، سەروەری بۆ نەتەوەی کورد وەدی نایەت.

هەڵبەت دوکتور قاسملوو ئەوکات جەختی دەکردەوە کە کۆماری ئیسلامی خودموختاریش قەبووڵ ناکا، تاکوو دەگا بە سەربەخۆیی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، دوکتور قاسملوو، دێموکراسی لە ئێراندا وەک زامنێکی پایەدار بۆ خودموختاری لە کوردستاندا لە قەڵەم دەدا. بەو پێیە، لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، کە لەو سەردەمەدا کاکڵەی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی پێک دەهێنا، پەیوەندییەکی ستراتێژیکیان لە گەڵ یەکتردا هەیە.

ئێستا کە حیزبی دێموکرات، پاش کۆنگرەی ١٣، ئامانجی خۆی لە خودموختارییەوە بۆ فێدراڵیزم گۆڕیوە، دەبێ بپرسین کە خودموختاری و فێدراڵیزم چ جیاوازییەکیان پێکەوە هەیە؟ هەر لەو باسەدا، دوکتور قاسملوو دەفەرمێ کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێکهێنانی سیستەمێکی فێدراڵی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا گونجاوترین شێوەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی.

جیاوازیی نێوان خودموختاری و فێدراڵیزم لەوەدایە کە پێکهێنانی سیستەمێکی فێدراڵ لە ئێران بە واتای ئەوەیە کە دەوڵەت لەو وڵاتەدا دەبێ لە بنەڕەتدا دابڕێژرێتەوە و لەوێدا نەک تەنیا خودموختاری بۆ کوردستان مسۆگەر بێ، بەڵکوو خودموختاری دەبێ بدرێ بە هەرێمەکانی دیکەش، لەوانە بەلووچستان، ئەهواز، ئازەربایجان و هتد. بەڵام کاتێک حیزبی دێموکرات تەنیا داوای خودموختاریی بۆ کوردستان دەکرد، ئەو داخوازییە، دارشتنەوەی دەوڵەتی ئێرانی لە سەر بنەمای پرەنسیپی فێدراڵیی لەخۆ نەدەگرت. دەنا لە بنەڕەتدا، ئەگەر بێت و ئێران تەبدیل ببێ بە دەوڵەتێکی فێدراڵ، هیچ لە نێوەڕۆکی خودموختاری لە کوردستاندا ناگۆڕێ (هەڵبەت بە مەرجێ کە ئەو خودموختارییە ئەوە بێ کە دوکتور قاسملوو لای پەسەند بوو).

هەڵبەت پێکهێنانی سیستەمێکی فێدراڵ لە ئێراندا کە لەوێدا کوردستان خودموختار بێ، ئەو قازانجەی هەیە کە لە دەستووردا دەبێ ئەو خودموختارییە پارێزراو بێ. ئەوەش جیاوازییەکی گرینگە و بەدەر لە دێموکراسی، دەکرێ بڵێین خودموختاری لە کوردستاندا زامنێکی دەستووریشی دەبێ. هەڵبەت لە زۆر وڵاتاندا دەستوور جێبەجێ ناکرێ، بە تایبەت ئەوانەی کە دێموکراسی تێیاندا جێگەی نەگرتووە. بۆیە، دێموکراسی لە ڕاستیدا زامنی دەستووریشە.

لەگەڵ ئەوەی دوکتۆر قاسملوو پێکهێنانی سیستەمێکی فێدراڵ و دێموکراتیکی پێ گونجاوتر بوو لە خودموختاری، ڕوونی دەکاتەوە کە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات ئەوکات داوای پێکهێنانی سیستەمێکی فێدراڵی نەدەکرد، ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات بە درووستی نەدەزانی کە خۆی بکا بە نوێنەری نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا. کاتێک کە حیزبی دێموکرات ئامانجی خۆی پاش کۆنگرەی ١٣ گۆڕی، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژەدان بە داخوازیی سیاسیی نەتەوەکانی دیکە، ئەو گۆڕانەی پێ گونجاو بوو. ئەوەش بێگومان بێبنەما نییە، چوونکە لە سێ دەیەی ڕابردوودا، نەتەوەکانی دیکەش خۆیان لە پێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیدا ڕێک خستووە.

لە گەڵ ئەوەی بارودۆخی کوردستان، ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین دینامیکە و حیزبی دێموکراتیش دەبێ خۆی لە گەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ و سیاسەت بە پێی هەلومەرج دیاری بکا، هێندێک مەسەلە هەن کە ئەگەر سابت نەبن، ئەوا دەکرێ بڵێین بە ئەستەم یانی لانیکەم بە ئەسپایی گۆڕانیان بەسەردا دێ. لەو پەیوەندییەدا، بە هەق دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو توانی مەکتەبێک وەک میرات بۆ دواڕۆژی خۆی بەجێ بێڵێ کە دەکرێ یارمەتیدەر بێ لە دارشتنی سیاسەتدا.

> **کاتێک باس لە ڕێبازی دوکتور قاسملوو دەکرێ، دەبێ لایەنی سابت و دینامیکی ئەو ڕێبازە ڕەچاو بکرێ، بە تایبەت لە دارشتنی سیاسەتدا. ئەوەش پاداشێکە بۆ دوکتۆر قاسملوو، کە بە مانایەک شێوەیەکە لە**

فکری سیاسیی دوکتور قاسملوو لە گەڵ ئەوەی دینامیک بوو، هەروها هێندێک هێڵی سابتیشی لە خۆ دەگرت. یەکێک لەوانە مەسەلەی سەروەرییە، جا لە شکڵی خودموختاری، فێدراڵیزم یان سەربەخۆییدا بێ.

بە بێ سەروەری، نەتەوەی کورد ناتوانێ وەک نەتەوە خۆی بسەلەمێنێ. کەوابوو، ئەوە ئەسڵێکی نەگۆڕە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد. لە لایەکی دیکەوە، دوکتور قاسملوو لە بەر تیشکی واقعیاتی جێوسیاسیی و ستراتێژیکی کوردستاندا سیاسەتی دادەڕشت. لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی جێوسیاسیی کوردستان سابتە، بەڵام بارودۆخی ستراتێژی کوردستان دەشێ گۆڕانی بەسەردا بێ.

لە لایەکی دیکەوە، بارودۆخی ئێران هەر لە ئێستاوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەتایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر تەیاربوونی نەتەوەکانی دیکە، هەرچەند لە ئاستی بزووتنەوەی کورددا نەبن و ڕەنگبێ ماوەیەکی دیکەش بخایەنێ تاکوو وەکوو کورد دەبنە خاوەن بزووتنەوە. بە خۆشییەوە، دوکتور قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرانەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە کۆمەڵێک بەرهەمی سیاسیی هەیە کە ئاسانکاری دەکا بۆ ئەوەی نەسڵی ئێستا و نەسڵەکانی داهاتوو بتوانن کەڵکیان لێ وەرگرن.

ئەم وتارەی بەردەست، بەدەر لە بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو، هەروها هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو ڕاستییە. لە کۆتاییدا، کاتێک باس لە ڕێبازی دوکتور قاسملوو دەکرێ، دەبێ لایەنی سابت و دینامیکی ئەو ڕێبازە ڕەچاو بکرێ، بە تایبەت لە دارشتنی سیاسەتدا. ئەوەش پاداشێکە بۆ دوکتۆر قاسملوو، کە بە مانایەک شێوەیەکە لە درێژەدان بە ڕێبازی قاسملوو.

# کورد و پێشمەرگە و خەباتە ڕەواکەی

**ئەلبورز ڕۆئینتەن**

لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵیشدا وەک ساڵەکانی پێشوو کە بەرەو پیرۆزکردنی ڕۆژی پێشمەرگە دەچووین، ئەم ڕۆژە لە ئاستی جیاوازدا پیرۆزبایی لێدەکرا و خەباتی بێوچان و پیرۆزی پێشمەرگە بەرز دەنرخێندرا، جوانترین تابلۆی ئەو بەرزنرخاندنە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەک کە پڕ بوو لە هەستی شانازیکردن بە پێشمەرگەبوون، خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و بە دڵێکی فراوان قەبووڵکردنی ئەو دژواریانەیە کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەن، لە لایەکی دیکەوە پیرۆزباییکردنی خەڵک و ئەندامانی نێوخۆ و لە هەمان کاتدا پێشمەرگەی شار لە هێزی پێـــــــشمەرگەی کوردستان کە جارێکی دیکە ئەو وتەیە کە دەگوترێ «پێشمەرگە کوڕ و کچی خەڵکە و کوڕ و کچی خەڵک پێشمەرگەیە» خۆی دەنواند.

لایەنەکانی کۆمەڵناسی و سیاسیی ئەو بابەتە کە چۆن پێشمەرگە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەرانبەر زلهێزەکانی ناوچە بەو ئیمکاناتە کەمەی هەیە وەک هێز، ناو و نرخی هەر لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بە بەرزی ماوەتەوە شایانی لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەن. هەروەها پرسیاری ئەوەی کە ئەو نرخە چۆن لە نێو قووڵایی دڵی خەڵکدا جێگیر بووە کە سەرەڕای هەڕەشە و چەواشە و شەڕی نەرمی بەردەوام و زەبەلاحی دوژمن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆشەویستتر دەبێت، زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە.

یا چۆن تا ئێستاش واتە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بووژانەوە لە خەباتی نەتەوەیی ئەگەر لە سەر دەستی پێشمەرگەش نەبێ بە بێ پێشمەرگە مومکین نابێت.

شیتەڵکردنی هەر یەک لەو پرسیارانە بۆ ڕووناکی بەخشین بە ئەم لایەنەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد واتە پێـــــــشمەرگە دەتوانێ وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی پێشمەرگە پەرە بە کەلتووری فیداکاری و خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری بدات.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە مانگی سەرماوەزدا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هەست بە پێداویستیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، لێکدانەوەیەک بۆ بیرکردنەوەی هەموو ئەو هێز و لایەنانەی غەیری کوردن، کە دەیانهەوێ بە سەرکوت و ئینکار و چەواشە سەیری پرسی کورد بکەن و ڕێبازی هزری پێشینییەکانی خۆیان کە شکستی خـــــــواردووە و نەیتوانیوە خەباتی نەتەوەی کورد و پێشمەرگە بنبڕ بکات، درێژە پێ بدەن.

ئەم سیاسەتە لە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژین هەر ئێستاش سەرەڕای هەموو ئەو گـــــــۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داون دادەڕێژرێن و جێبەجێ دەکرێن و ئاراستەش دەکرێن.

لە هەمووی سەیرتر دژبەرە غەیرە کـــــــوردەکانی ئەو حکوومەتانەش کە لە وڵاتانی دێموکراتیکی دونیا پەنابەرن و تەنانەت بەردەوام بانگەشەی دێموکراسی دەکەن تا ئێستاش ئامادە نین دان بە مافی نەتەوەکان لە سەرووی هەموویانیش نەتەوەی کورددا بنێن.

واتە ئاڵتێرناتیڤەکانی حکوومەتەکانی ئێستای لە سەرکار بە ئاشکرا و ڕوونی دان بە مافی نەتەوەکان و بەتایبەتی کورددا نانێن و تەنانەت هەندێکیشیان لە دژایەتی کردن هەر بەردەوامن. نموونەی ئەم جۆرە تێڕوانینانە تویتەکەی ڕەزا پەهلەوی بوو کە بەوپەڕی شانازییەوە باسی لە سەرکوتی ئازەربایجان دەکرد.

لە دۆخێکی وەهادا کە دەبینین تەنانەت لەو وڵاتانەی کە لە دەستوری وڵاتەکەشیاندا دانیان بە قەوارەی کوردستان و بەشێکی مافی کورددا داناوە دیسان لە کاتی جیاوازدا کوردستان دەکەوێتە بەر هێرشی ئەوان و دیسان هەر پێشمەرگە بە فیداکاریی خۆی بەرگری لە کورد و کوردستان دەکات.

لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە لاوازترین دۆخدان بەڵام دیسانیش هەر ئامادە نین بە ڕوونی دان بە مافی نەتەوەکان بە تایبەتی کورددا بنێن بەڵکوو زۆرجاریش دژایەتیی مافی نەتەوەکانیش دەکەن.

لە کاتێکدا دەبینن وڵاتە ڕۆژاواییەکان کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاریگەربوونە لەو دۆخەی کە لە سەد ساڵی رابردوو بە سەر کورددا هاتووە ئێستاش سەرەڕای ئەو پەیوەندییە باش و گەرموگوڕەی کە لە گەڵ نەتەوەی کوردیان هەیە دیسان ئامادە نین پـــــــشتگیری لە دابینکردنی مافی بڕیاردان لە چارەنووسی نەتەوەی کورد بکەن، پێداویستیی پێشمەرگە بۆ کورد لە هەموو کاتێک زیاتر خۆی دەنوێنێ و وەک بەشێک لە ڕاستییەکانی دونیای سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەبیندرێت.

هەر بۆیەش بەرزنرخاندنی خەبات و ناوی پێشمەرگە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، زیاتر لە ئەوەی وەک نرخێک کە لە قووڵایی دڵی خەڵکدا جێگیر بووە ئەو ڕاستیەش کە کورد و خەباتە ڕەواکەی پێویستیان بە پێشمەرگە هەیە دەسەلمێنێ.

هەروەها نابێ لە بیرمان بچێت بۆ ئەوەی پێـــــــشمەرگە ئاسانتر و زووتریش سەر بکەوێت لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە ڕەوا و پیرۆزەی کە هەیەتی پێویستە پەرە بە کەلتووری فیداکاریی پێشمەرگە لە نێو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بدرێت.



# ٢٦ی سەرماوەز، تیشکێک لە شەوەزەنگی داگیرکاری

**ناسر ئەشرەفی**

دەسەڵاتە خۆسەپێن و ستەمکارەکەی ڕەزاشا هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەر تەخت (١٣٠٤) بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک شۆڤێنیست و پشتیوانیی زلهێزەکانی سەردەم دەستی بە کوژانەوەی ئاگری کوانووی کوردی کرد.

کەسایەتییە خاوەن وزەکان کە مەترسیی بەرەنگاریکردنیان لێ بکرایە بەکۆمەڵ راپێچی زیندانەکانی تاران کران. سەرهەڵدانەکان یەکەیەکە بە فێڵ و بە زۆر سەرکوت کران. سمکۆی مەزن، ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد بە پیلان لە داو ئەخرێت و شەهید دەکرێت. خاتوو قەدەمخێر ڕێبەر و فەرماندەی ناوداری لوڕستان پاش چەندین ساڵ بەربەرەکانێ ئەویش لە ناو ئەبرێت.

ژاندارمەی برسی و بێبەزەیی ڕەوانەی کوردستان دەکرێن و ڕاسپێردراون کە ناونیشانێ لە کوردبوون نەهێڵن. جلوبەرگ و زمان قەدەغە کرا، ترساندن، نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکێ، باج و بەرتیلوەرگرتن، سەربازیی زۆرەملی و بێحورمەتی بەرنامەی داڕێژراوی تاران بوو بۆ پاکتاوکردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد.

بەڵام میللەتی خاوەن ڕەگ و بنچینەی مێژوویی وەک کورد چۆن بە زریانی فاشیزم ڕەق هەڵدێت و لە ناو ئەچێت؟

لە ناو دڵی کۆمەڵگەی کوردی لە دێهات و شار هەستی نەتەوەیی و وڵاتدۆستی پەروەردە دەکرا و بە بەیت و پەخشان، گۆرانی و گێڕانەوە، سامانی نەتەوەکەیان ئەپاراست و خۆیان تەیار ئەکرد بۆ ڕۆژی خۆی.

هەروەها لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەرگری و هێرشی پارتیزانی کە لە لایەن داگیرکەرەوە بە چەتەیی و ڕێگری ناوزەد دەکرا بوونی بووە.

بەڵێ!

ئەو ڕۆژە کە کورد چاوەڕێی بوو هات. لەشکری ستەمکاری ڕەزاشایی کە جۆگەی خوێنی لە کوشتنی نەتەوەکان ڕێک خستبوو، بەرانبەر بە هاتنی هێزی داگیرکەری دەرەکی (١٩٤١) تەقەی بۆ نەکرا و تەسلیم بوو. ئەمجار شا قۆڵبەست کرا و قۆڵبەستکراوەکانی کورد و لوڕی ناو چاڵەڕەشەکان گەڕانەوە زێدی خۆیان. لە هەموو کوردستان ڕێکخستنەکان پەرەی سەند. کۆمەڵەی ژ.ک درووست بوو.

چەککردنی شارەوانیی مەهاباد بە دەستی لاوانی سەربەستیخواز لە ١٦ سەرماوەزی ١٣٢٤ هیوا و وزەی جەماوەری شاری گەیاندە لووتکە. هەر بەدوای داگرتنی ئاڵای داگیرکەر، ئاڵای کوردستان هەڵکرا. پاش ماوەیەک کۆماری کوردستان، ئاواتی لە مێژینەی کورد دامەزرا.

ئەم ڕووداوانە بە شوێن یەکدا پێمان ئەڵێن کە لە کوردستانی کۆلۆنیکراو کە هەموو نیشانەکانی بوون وەک زمان، کولتوور، ئەدەب، ژینگە و مێژوو لە ژێر هێرشی سڕینەوە و وێرانکردندایە، بە بێ هێزی پێشمەرگە و کولتووری پێشمەرگانە مانەوە ئەستەمە.

لەو ڕۆژەوە کە هێزی پاراستنی کۆمار ناو نرا هێزی پێشمەرگە، هزرێک لە مێشکی تاکی کورددا درووست بووە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە ئەستێنێت.

پێشمەرگە چەکداری عەشیرە و خێڵ نییە، سەربازی زۆرەملی نییە، لەپێناو تۆڵە و تاڵان شەڕ ناکات، بەڵکوو مرۆڤێکی خاوەن بیر و باوەڕ و لەپێناو پاراستنی کەرامەتی خۆی و هاونیشتمانیانی و ئازادکردنی زێد و ژینگەی داگیرکراوی هەستاوەتەوە.

پێشمەرگە بە پێی دۆخی شۆڕشەکەی کە دژی کۆلۆنیالی و ستەمکارییە داخوازییەکانی ئینسانی و دێموکراتیکە. پێشمەرگە دۆستی هەموو مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانە،پێشمەرگە بەردەوام خۆی بەهێز و تەیار ئەکات بە زانستە مرۆییەکان و فەلسەفەی دادپەروەری و دێموکراتیک.

هەر ئەو بەها جوانانە بوو کە پاش ڕووخانی کۆماریش شۆڕشی ٤٦-٤٧ ی لێکەوتەوە کە پێیەکی لە ناو زانکۆکان بوو. ئەم بەردەوامییە بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەرکەوت کە نەتەوەی کورد چ هێزێکی تەرخان کردووە بۆ پاراستنی خۆی. بۆیە گەورەترین خەم و ترسی کۆماری ئیسلامی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتە. بە تایبەت کە ئێستا بزاوتی پێشمەرگەی شاریش لە ئارادایە و ناو نراوە راسانی شار و شاخ.

میللەت بیەوێ بژی بە سەربەستی
چۆن خوو ئەگرێ بە ژینی ژێردەستی

ڕاستە کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کورد بەردەوام تێکۆشاون دژ بە سیاسەتە نامرۆییەکانی داگیرکەر خەبات بکەن بەڵام ڕاسان هەستانەوەی جەماوەریی بە ڕێکخراوکردنە یان پێشمەرگەئاسا کار کردنە. ئێمە ئەزانین دوژمن بۆ ئاسێمیلەکردنی کورد پرۆژەگەلی تۆکمە و جۆربەجۆری هەیە. بەڵام کورد زۆرتر لە قۆناغی بەرگریدا بووە. ڕاسان تێپەڕاندنی دۆخی بەرگری و چوونە ناو قۆناغی بووژانەوە و سازماندان و هێرشە.

دەنگی ڕاسان پێمان ئەڵێت کە باری پێشمەرگە باری نەتەوەیەکە و ئەبێت پێکەوە شان بدەینە ژێری. لە هەر دۆخێکدا، لە هەر سێکتەرێکدا بین بە ڕوانگەیەکی نەتەوەییانە هەوڵ بدەین و تێبکۆشین.

**پیرۆز بێت ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە. ڕۆژی ئازاترین و ئازادترین مرۆڤ کە گەلانی جیهانی بە قارەمانەتی و مرۆڤدۆستی سەرسام کردووە.**
**پیرۆز بێت لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ**
**پیرۆز بێت لە گەلی کورد**
**سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان**



# تۆڵەی ناسیۆنالیزم بەسەبرە، بەڵام بەزەبرە!




**ناسیۆنالیزم شۆڕش یا ڕاپەڕینێکە بەدژی ئەو ئیدەئۆلۆژی و هێز و دەسەڵاتانەی کە حاشا لە بوونی نەتەوەکان، هەستی نەتەوایەتی، هاوپێوەندییە نەتەوەییەکان و کۆمەڵگا نەتەوەییەکان دەکەن. ناسیۆنالیزم دەتوانێ لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نیشان بدا**

**برایم لاجانی**

ناسیۆنالیزم خۆراکی گەشە و هەڵدان و چوونەپێش لە ژینگە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دونیای دەوروبەری خۆی وەردەگرێ. تا پتر سەرکوت بکرێ، بەهێزتر دەبێ.
ناسیۆنالیزم شۆڕش یا ڕاپەڕینێکە بەدژی ئەو ئیدەئۆلۆژی و هێز و دەسەڵاتانەی کە حاشا لە بوونی نەتەوەکان، هەستی نەتەوایەتی، هاوپێوەندییە نەتەوەییەکان و کۆمەڵگا نەتەوەییەکان دەکەن. ناسیۆنالیزم دەتوانێ لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نیشان بدا. ئەگەرهەندێکجار وەک دژکردەوەیەکی بەرگریکارانەیە بەرانبەر ژینگەی دەوروبەر بە حیسێب دێ، هەندێک جاری دیکە دەتوانێ وەک هێزێکی پەلاماردەر و هێرشبەر و لە ئاشتی‌نەهاتوو دەرکەوێ.
جاری واشە وەک هێزێکی مەغروور و شایی بەخۆ و پڕ شانازی خۆی دەنوێنێ.
سەیر ئەوەیە لاوازبوونی ئەو یەکە سیاسیانەی وەک دەوڵەت-نەتەوە ناسراون، دەبێتە هۆی ژیانەوە و سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ناسیۆنالیزم لە سەربناخەی ئێتنیکی، ئایینی و ناوچەیی لە ناویاندا. ئەو دەمەی سنوورەکان کاڵ دەبنەوە و ئەو جۆرە دەوڵەتانە وەک ناوەندی بڕیاردان لاواز دەبن، جیاوازییە قەومی و فەرهەنگی و مەزهەبییەکان دەردەکەون.
لە هەلومەرجێکی ئاوادا هاوپێوەندیی میللی جێی خۆی دەدا بە هاوپێوەندیی ئێتنیکی. لەوەش زیاتر گرووپە کولتووری و فەرهەنگیەکان بۆجارێکی دیکە، ڕەنگ و فۆرمی سیاسی بەخۆیانەوە دەگرن.
ئەو ڕاستییە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، لە بەشێکی زۆری ئوورووپادا، بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو دەرکەوت.
کاتێک لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئورووپا تووشی قەیرانی ماڵی و ئۆرۆ بوو، ئەو ڕاستیە سەرلەنوێ جارێکی دیکەش یەخەی وڵاتانی ئـــــورووپا و لەوەش زیاتر هەموو یەکیەتیی ئورووپای گرتەوە.
، دەڵێ Regis Debray فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرانسەوی
کاتێک هێز و لایەنە مـــــۆدێراتەکان لە پێوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا کەمتەرخەمی لەخۆیان نیشان دەدەن و بە هێندی ناگرن، هێز و ڕەوتە توندئاژۆ و ڕادیکاڵەکان مۆنۆپۆلیزەی دەکەن و لەدەستی خۆیاندا قۆرخی دەکەن.
ناوبراو لە کتێبەکەی خۆیدا کە سەبارەت بە ژەنەڕاڵ دۆگۆڵ نووسیویەتی دەڵێ: «ئێمە وا ڕاهاتووین کە هەر ئەو هەڵسوکەوتە لەگەڵ ناسیۆنالیسم بکەین، کە لە دەورانی پێش فرۆیددا لەگەڵ سێکسۆلیتێت دەکرا»، ئەودەم سێکسۆلیتێت بە هۆکار و سەبەبی هەموو جۆرە تاوان و جورم و جینایەت و کار و کردەوەیەکی نابەجێ و ناعاقڵانە لەقەڵەم دەدرا. هەر بۆیە بۆ پێشگیری لەو تاوان و جورم و کار و کردەوە نابەجێیانە، وەک ڕێگاچارە، دەبوایە سێکسۆلیتێت سەرکوت بکرێ و لەبەین ببرێت. کەواتە لە دەورانی پێش فرۆیدا سێکسۆلیتێت دەبوایە حاشای لێبکرێ.
کۆنترۆڵ بکرێ، هەوساربکرێ، نەبینرێ، بەهێند دانەنرێ یا سەرکوت بکرێ، سەری پان بکرێتەوە ونەهێڵرێ سەرهەڵبێنێ.
ئەو ستراتێژییەیان وەک ڕێگاچارەسەر دەزانی.
فرۆید هات و ڕایگەیاند کە لە ڕاستیدا ئەوە سێکسۆلیتێت نییە کە دەبێتە هۆکار و مایەی سەرهەڵدانی تاوان و جورم و جنایەت و کار و کردەوەی نابەجێ و نامەعقوولانە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە نەدیتن، بە هێند نەگرتن، حاشالێکردن و ســـەرکوتکردنی سێکسولیتێتە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو تاوان و کار و کردەوە نابەجێیانە.
لەو پێوەندییەدا دێبرەی دەڵێ: «لە مێژوودا زیان و زەرەری حاشاکردن لە ناسیۆنالیسم و سەرکوتکردنی ناسیۆنالیزم، بە هەزاران جار زۆرتر بووە لەو زیان و زەرەرانەی کە بەهۆی وەبەرچاوگرتنیەوە هاتوونەتە پێش یا ڕوویان داوە.
بۆیە ئاغایانی ئوورووپایی، نەتەوەکان وەک خۆیان قبووڵ بکەن و فێربن لە گەڵیان بژین. ئەگەر ئەوە ناکەن، دەبێ ئاگاداری خۆتان بن. ئەو هێزە سەرکوتکراوە بە ڕووتاندا دەتەقێتەوە و بە گەرووتاندا دەچێتەخوار».
دەبێ بگوترێ دوگۆل، لە ڕوانگەی دێبرەیدا، لە پێوەندیی لەگەڵ ناسیۆنالیسمدا، بە کەسێکی زاتگەرا واتە ئیسێنشیالیست دانانرێ.
ئەو هیچکاتێک وەک ســـــەرۆک عەشیرەتی یەکێک لە عەشیرەتەکانی نێو جەنگەڵەکانی ئاڵمان خۆی نەناساندووە.
ئەو کەسێکی ئێکسیستانسیالیستە. بۆ ئەو ناسیۆنالیزم بژاردەیەکی شەخـــــسیە و هەم مافە وهەم تەعەهود و ئەرکی سەرشان.
لەوەش زیاتر ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە خۆیەوە پەیدا نابێت. برووسکەیەک نییە لە ئاسمانێکی ساودا دەرکەوێ.
بە پێچەوانەوە پێی وایە کە هاوپێوەندیی نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی لە ڕەوتێکی دووروودرێژی مێژووییدا درووست دەبێ.
ئاکامی ئەزموونی هاوبەش و کۆمیونیکاسیۆنی هاوبەش و هەستی هاوپێوەندیی هاوبەشە. مەبەستی ناوبراو ئەوەیە کە ڕووخانی دەوڵەت . نەتەوەکان هەناسەی ژیان وەبەر ئەو گەل و نەتەوە و گرووپە فەرهەنگیانە دەنێ کە پشتگوێ خراون و سەرکوت کراون.

**سەرچاوەکان**

بێ عەداڵەتی تا زووتر چارەسەربکرێ باشترە. لە خۆڕانیە سێرگی لاوڕۆف وەزیری دەرەوەی ڕووسیە دەڵی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا توانای ئەوەی تێدا وەک بوومەلەرزە ئەو ناوچەیە لەبەریەک هەڵتەکینێ. ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەنێوخۆیان دا بەشکردەوە و باقی زلهێزەکانی دیکەی ناوچەو دونیا لەسەر ئەوە پێکنەیەن کە دەبێ کێشەی کورد لەو ناوچەیەدا بە شێوەیەکی عادڵانە چارەسەر بکرێ و کورد لە پرۆسەی سیاسی و ئاوەدانی ئەو ناوچەیەدا جێگاو پێگەی شیاوی خۆی هەبێت، ئەو بۆمبە خەوتووە سەرەنجام بە ڕووی هەموویاندا دەتەقێتەوە و تاڵاوی ڕەشیان پێ دەنۆشێ.

.Ademain de Gaulle, Gallimard,Paris .۱۹۹۰ Regis Debray

## وێـــــستگە

## سەرماوەز، مانگی تەوارانی نیشتمان



**نووسین: هێمۆ**

کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە سەرەڕای هەموو سەرکوت و چەوسانەوەیەک، نەیانهێشتووە بیری ئازادی و سەربەستی لە مێشکیاندا بمرێت، کەم نین ئەوانەی کە سەرەڕای هەموو سەختی و تاڵی و سوێرییەکانی سەر ڕێگا دیسان ئامادەن شان وە بەر ئەرکێکی قورس و گران بدەن تاکوو بتوانن لە بوتنیاتنانی داهاتوویەکی گەشدا، پشکیان بەر کەوێ.
لەو کاتەوە کە کورد کەوتووەتە بەر پەلاماری دڕندانەی داگیرکەران و لەو کاتەوە کە پێویست بووە لە بەرانبەر ئەم پەلامارە بێبەزەییانەدا ڕاوەستێ، هەتاکوو ئێستا ژنان و کچان هەوڵیان داوە کە گیانیان بکەنە قەڵغان بۆ پاراستنی نیشتمانی کوردان.
زۆرن ئەو شێرەژنانەی کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمنی دڵ پڕ لە قیندا گیانیان کردوەتە پردەبازی گەیشتن بە سەربەستی.
زۆرن ئەوانەی کە بە لە دەستدانی بەشێک لە ئەندامانی جەستەیان ویستوویانە زامێکی نیشتمانەکەیان ساڕێژ بکەن و ببنە هەوێنێک بۆ ئارامیی وڵاتەکەیان.
لە مێژووی ئێمەی کورددا ژن و پیاو هاوشان لەگەڵ یەکتر و لە ژێر یەک ناوی دیاریکراو، واتە پێشمەرگەدا لە پێناو نیشتمانەکەیاندا خەباتیان کردووە، گیانیان بەخت کردووە و حەز و ئاواتەکانیان مردوون، بەڵام هیچکات کۆڵیان نەداوە.
بەردەوامیی خەباتی ئێستا قەرزداری تێکۆشانی ئەوانە، قەرزداری لەخۆبوردوویی و ماندووبوون و شەونخوونی ئەوانە کە ژیانی ژێردەستییان قەبووڵ نەکرد و ئامادە نەبوون بە زەبوونی بژین.
ژنان و کچانی کورد بە درێژایی مێژووی کورد، پشکی شێریان بەرکەوتووە، لە هەموو مەیدانێکی خەبات و تێکۆشاندا ئەرکیان لە ئەستۆ گرتووە و ئەمە وەکوو میراتێک تاکوو ئێستای خەباتەکەمان گوازراوەتەوە، نەسڵی نوێش وەک درێژەدەری ئەو ڕێبازە، لەم تێکۆشانە بەردەوامە.
لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پەیوەستبوونی پۆل بە پۆلی کچان و ژنان بە ڕیزی پێشمەرگایەتی چ وەک پێشمەرگەی شار و چ وەک پێشمەرگەی شاخ، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ژنان و کچان وشیارتر لە جاران و زیاتر لە ڕابردوو هەست بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن، ئێستا ئیدی دایکان بوونەتە قەڵغانێک لە بەرانبەر بیری داگیرکاریدا و منداڵەکانیان بە بیری ئازادی و نیشتماندۆستی پەروەردە دەکەن، کچان ڕێگای خەبات دەگرنە بەر و چەک لە شان دەکەن و داوای مافی نەتەوەیەک دەکەن.
نە ماندوو دەبن و نە لە هیچ هەڕەشە و مەترسییەک سڵ دەکەنەوە، چونکە باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە ئازادی نرخی دەوێ تەنانەت ئەگەر گیانیش بێ!
گۆڕانێک کە لە ئێستای کۆمەڵگادا درووست بووە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیوەستبوونی کچان و ژنان بە ڕیزی خەباتکارانە، چیدیکە پێناسە باوەکانی کۆمەڵگا ناتوانن بەربەست بن، ژنان و کچان چاوکراوەتر لە جاران دێنە مەیدانی خەباتەوە، ئەوان درێژە بە خوێندن دەدەن و بەردەوام هەوڵی خۆپێگەیاندن دەدەن، تاکوو هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی چیکداری، مێشکیشیان بە زانست و تێگەیشتن تەیار بێت چونکە بێگومان گەل سەرناکەوێ ئەگەر یەکێک لەم دوو چەکەی لەگەڵ نەبێت.
درووستبوونی گۆڕان لە پێکهاتەو شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگادا وای کردووە کە پێناسەکان سەرلەنوێ دابڕژێنەوە، وەک شاعێر دەڵێ، شیرین ئیتر تەشی ناڕسێ، تەشییەکەی فڕێ داوە، ئەو ئێستا پێشمەرگەیە و لە ڕووی دوژمن وەستاوە، ئێستا نازداری بابی دوورە لە دایە و بابە، شێرژنە و وەستاوە لە ڕووی تانک و دەبابە!
ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ گرینگیی پێ بدرێت، تەوارانی ئەم نیشتمانە ئێستا ئیدی نکۆڵی لە بوونیان ناکرێ، ئەوان هێزیان هەیە، توانایی و تێگەیشتنیان هەیە و دەتوانن هێزی گۆڕان بن، گۆڕانێک کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاکامەکەی دەبینرێت و بێگومان ئەو ئاکامە بە قازانجی هەمووومان دەبێت.
پێویستە لەم مانگی سەرماوەزدا ڕێز لە ماندووبوونی تەوارانی ئەم نیشتمانە بگرین کە خۆنەویستانە و گەلویستانە لەپێناو گەیشتن بە سەربەستی و بۆ بونیاتنانەوەی نیشتمانێکی سەربەست تێدەکۆشن.

# ژنان بەرەو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی




**ئاسۆ مێنبەری**

لە زۆر بابەت و نووسراوەدا باس لە پێشمەرگایەتی و پێشمەرگەبوون کراوە، لە زۆر ڕەهەندەوە هەوڵ دراوە باس لە قارەمانەتی و نەبەزیی پێشمەرگە بکرێت و زۆر جار هەوڵ دراوە وەکوو تاکە هێزی ڕزگاریدەری خۆنەویست و گەلویست ناوی لێ ببردرێ.

هەمووی ئەو بابەت و نووسراوانە جیا لەوەی کە چەندە زانستی بووبێتن و ویستبێتیان پێناسەیەکی درووست و زانستی و ئەڵبەت واقعبینانە لە هێزێکی مرۆیی بە ناوی پێشمەرگە بە دەستەوە بدەن، زیاتریان هەوڵیان ئەوە بووە کە باس لە قارەمانەتی و بوێری و دوژمنبەزێنیی ئەم هێزە بکەن و لە ڕاستیدا نووسینەکان وەکوو پێداهەڵگوتن بە پێشمەرگە وەکوو هێمایەکی دیار و کاریگەری نەتەوەی کورد بووە.

ئەڵبەت ئەمە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە پێشمەرگە بەڕاستی قارەمانە و بەڕاستی هێزێکی دوژمنبەزێنە، واتە ئەو پێداهەڵگوتنە دوور لە ڕاستی نییە و بگرە سەلمێنەری ڕاستییەکی یەکجار گرینگیشە.

خاڵێکی گرینگ کە لە پێناسە و ناودێرکردنی پێشمەرگەدا هەیە، ئەو ناوەیە کە لە نێو نەتەوەی کورددا بە بێ هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی و هەڵاواردنێک بۆ هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا وەکوو یەک بەکارهێنراوە، پێشمەرگەی ژن و پیاو دووانەیەکی لێکدانەبڕاو بوونە کە هەموو کات و ساتێک و لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا بە بێ هیچ جیاوازییەک و لە ژێر سێبەری یەک ناوی دیاریکراو واتە پێشمەرگەدا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە.

ڕەنگە هۆکاری بەردوامبوونی هەر دوو ڕەگەزەکەش لە پەیوەستبوون بە هێزی پێشمەرگەوە هەر نەبوونی ئەو جیاکارییە بووبێت! واتە بە گرینگ زانینی هەر دوو ڕەگەز لە پرسێکی نەتەوەیی و گشتیدا!

لە ڕاستیدا هەبوونی هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگا لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەییدا نیشاندەریی کراوەیی و بیرئاوەڵایی نەتەوەی کورد بووە، کە سەرەڕای ئاسیمیلاسیۆن و چەوسانەوە و سەرکوتکارییەکان هیچ هێزێکی دەرەکی نەیتوانیوە بیری یەکسانیخوازی و هاوسەنگی لە نێوان ژن و پیاوی پێشمەرگەدا بسڕێتەوە و ژن وەکوو فاکتەرێکی گرینگی خەبات، بوونی هەبووە و تێکۆشانەکەشی بەرز نرخێندراوە، هەر بۆیە لە چوارچێوەی ئەم نووسراوەیەدا باس لە ڕۆڵی ژنان لە خەبات وەکوو پێشمەرگە و هەڵکشانی بەشداریی ژنان لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا دەکرێ.

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەی واقعبینانە باس لە بەشداریی ژنان و هەڵکشانی ڕێژەی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی خەباتدا بکەین، دەبێ ئاماژە بە خاڵگەلێک بکەین کە ڕەنگە ئەوانەی کە زۆر خۆیان بە ناسیۆنالیست دەزانن بیخەنە بەر ڕەخنە و پەلاماری بێبەزەییانەش، بەڵام لە ڕاستیدا جیا لەوەی کە لە زۆربەی ژناندا بیری نەتەوەخوازی و ڕزگاری چەکەرەی کردووە و بووەتە هەوێنی پەیوەستبوونیان بە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە، هۆکارگەلێکی دیکەش هەن کە نابێ نکۆڵی لە بوونیان بکرێت!

هۆکارگەلێک کە بە ڕاشکاوی دەبێ بوترێ کە سەرچاوەکەی خودی ژنان نین، بەڵکوو هەلومەرج و بەستێنی ژیان و فاکتەرگەلی دەرەکین کە توانیویانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر هەبوونی ژنان لەم پرۆسەیەداهەبێت؛ ئەگەر ئاوڕێک لە دۆخی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بدەینەوە، دەبینین کە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتیش ژیانی ژنان تووشی گۆڕانێکی زۆر جیددی بووە، ئەگەر جاران کچان وازیان لە خوێندن دێنا تاکوو بە پێی نەریتی کۆمەڵگا ژیانی هاوبەش پێک بێنن و ئەمەیان وەکوو لووتکەی داخوازییەکانیان دەبینی یان وایان بۆ پێناسەکرابوو، ئەمڕۆ ئیدی کچان بەو ئاسانییە واز لە خوێندن ناهێنن، ئیدی هاوسەرگیری لای ئەوان داخوازی و ئامانج نییە بەڵکوو وەکوو هەموو بژاردەکانی ژیان بژاردەیەکە کە ئەتوانن هیچکاتیش ڕووی لێ نەکەن. بەڵام سەرەڕای ئەمانە پێشتر هاتنە مەیدانی ژنان و کارکردن و تێکۆشانی ئابووریی ژنان بەنرخ نەدەبینرا، ژنان زیاتر لە چوارچێوەی ماڵەوە بوون و ئەمەش وای کردبوو کە زۆر کەم گرینگی بە دەوروبەر بدەن، تا ئاستێک کە زۆر جار لە میوانییەکاندا ژنان و پیاوان جیا لە یەک دادەنیشتن و پیاوان باسی سیاسەت و ژنانیش باسی مەتبەخ و خواردنیان دەکرد! هەر ئەم بەستراوەبوون بە چوارچێوە، زۆرجار دەرفەتی بیرکردنەوەی لێ دەستاندن بۆیە تەنیا بابەتێک کە بیریان لێ نەدەکردەوە، شکاندنی ئەو سنوور و پەرژینە و هەنگاوهەڵێنان بۆ دەرەوەی ئەو بازنەیە بوو.

بەرەوپێشچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەربڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پێوەندی و ئەو کاریگەرییەی کە میدیا و بەتایبەتیش تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دایاننا، بوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ژنانیش هەست بە پێویستیی خۆیان لە مەیدانی خەباتدا بکەن، بۆیە زۆربەیان هەوڵیان دا هەنگاو بە هەنگاو خۆیان بخزێننە نێو کاروباری کۆمەڵایەتی و زۆربەیان توانییان جیا لەوەی کە پێداگری لە سەر مافە سەرەتاییەکانی خۆیان وەک خوێندن و هەڵبژاردن بکەن، لە ڕێکخراو و ئەنجومەنەکاندا دەور و ڕۆڵی کاریگەریش بگێڕن.

هەر ئەم بەشدارییە کۆمەڵایەتییە و شکاندنی ئەو تابۆیە کە ژن ناتوانێ لە کۆمەڵدا خۆی ببینێتەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە باوەڕبەخۆبوون بۆ ژنان بگەڕێتەوە، ژمارەیەکیان توانیان ببنە هێما و ئولگوو بۆ ئەوانی تر و بەم شێوەیە ژنان هاتنە گۆڕەپانێکی گەورەترەوە.

گۆڕەپانێک کە خەباتەکەی لە پۆلی فێربوونی زمانی کوردی و کۆبوونەوەی حەفتانەی ئەنجومەنەکانەوە دەستی پێکرد و کێشرایە سەر شەقامەکان و لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیی مەدەنیدا خۆی دیتەوە و دواتریش وای کرد کە ژنان بیر لە شکاندنی تابۆیەکی گەورەتر بکەنەوە و وەکوو ژن پەیوەست بە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی ئەویش لە جۆری چەکداری ببنەوە!

کەوایە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیوەستبوونی ژنان بە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشان دەتوانێ هۆکارگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەریتی، سیاسی و تەنانەت فەرهەنگیش بێت!

بەڵام ئەوە نکۆڵی لێ ناکرێ کە سەرچاوەی هەموو کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە لە دەرەجەی یەکەمدا بەرۆکی ژنان دەگرێت، دەسەڵاتێکە کە هەر لە سەرەتاوە ژنانی وەکوو بوونەوەرگەلێکی بێ کەڵک وەسف کردووە، دەسەڵات بووە کە ژنی خستووەتە پەراوێزەوە و نەیهێشتووە بێتە مەیدانی کارەوە تاکوو نەتوانێ سەربەخۆیی ئابووری و لە دواییشدا سەربەخۆیی بڕیاردانی هەبێت، دەسەڵات بووە کە بە پاساوی دین و شەریعەت ژنی بە موڵکی پیاو پێناسە کردووە و بە جێگیرکردنی هەندێ کولتوور و نەریتی ناشیرین ژنی لە پەراویز خستووە و لە خوێندن و تێگەیشتن و پێگەیشتن بێبەریی کردووە، دەسەڵات بووە کە هەبوونی ژنی لە کۆمەڵگادا بڤە کردووە کە نەکا پیاوێک هەستی بجووڵێ و تووشی گوناه بێت! ئەوە دەسەڵات بووە کە هەموو شتێکی لە ژن قەدەغە کردووە و تەنانەت ئیزنی کوشتنیشی داوە! بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش نابێ لە بیرمان بچێت کە ژنی شۆڕشگێر و ئامادە لە مەیدانی سیاسەت و پرسی نەتەوەییدا هەمیشە زۆر جیاوازتر و دڕندانەتر کەوتووەتە بەر هێرش و پەلاماری دەسەڵاتەوە و زۆر بێبەزەییانە سەرکوت کراوە.

کەوایە کاتێک کە باس لە پەیوەستبوونی ژنان بە ڕیزەکانی خەباتەوە دەکەین نابێ لە بیرمان بچێت کە ژنان جیا لە هەستی نەتەوایەتی و دەرککردن بەو ستەمەی کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەرەوڕوویان بووەتەوە، بەشێکی زۆری خەباتەکەیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن و بەشێکی حاشاهەڵنەگر لەو کۆمەڵگایە بووە.

دیارە زۆرجار باس لە بەشداریی ژنان و ڕێژەی ئەم بەشداریکردنە دەکرێ بەڵام خاڵی گرینگتر لەم بابەتە، چۆنیەتیی بەشداریکردنە!

هەرچەند زۆر ژنی تێکۆشەر هەبوون کە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمندا گیانیان بەختی نیشتمان کردووە و پەیوەست بە کامرانی نەمرانەوە بوون، بەڵام دۆخی ئەوکات زۆر جیاوازتر لە ئێستا بوو، ژنان ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر وەکوو پاڵپشتی خەبات دەبینران ئێستاکە ژنان ئەرکی گرینگ لە ئەستۆ دەگرن و بە ڕاشکاوی لە مەیدانی کردەوەدا خۆ دەنوێنن، ژنان و کچان ئێستاکە لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا، ڕۆڵی مامۆستا و ڕێنیشاندەر دەگێڕن، بەرپرسایەتیی سیاسی و نیزامی لە ئەستۆ دەگرن و دەتوانن بڕیاردەر بن، کە ئەمە خاڵی گرینگی جیاوازبوونی قۆناغی ئێستای خەبات لەگەڵ ڕابردوویە.

> **هەڵکشانی ڕێژەی ژنان لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشاندا، پێش لە هەموو شتێک بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی ژنان دەگەڕێتەوە، وشیارییەک کە ئاکامی ساڵەهای ساڵ قوربانیدان و چەوسانەوە بووە و ئەو وشیارییەیە کە دەتوانێ ببێتە خاڵێکی هیوابەخش بۆ نەوەکانی داهاتوو**

نابێ لە بیرمان بچێت کە دەسپێکی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ لە پەیوەستبوونی ژنان بە خەباتەوە بوو، ئەگەر جاران پێشمەرگە تەنیا بە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی چەک لە دەست ئەویش زیاتر لە ڕەگەزی پیاو پێناسە دەکرا، لە ڕاستیدا «ڕاسانی ڕۆژهەڵات» ئەو پێناسەیەی سەرلەنوێ داڕشتەوە، بەو مانەیە کە ئیدی ڕۆڵی دایکایەتی و هاوسەریەتی ناتوانێ ببێتە بەربەست بۆ خەباتکاربوون، ژنان لە هەر جێگە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەتوانن ڕۆڵی خەباتگێڕانە بگێڕن و ئەرک لە ئەستۆ بگرن.

لە لای ئەمەشدا زۆرن ئەوانەی کە خەباتی چەکدارییان هەڵبژاردووە و پێشمەرگانە و سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەکانی سەر ڕێگایان بەڵێنیان داوە کە ڕێگای سەختی خەبات ببڕن و تا گەیشتن بە ئامانجی گەل لە خەبات و تێکۆشان نەوەستن.

لە ڕاستیدا هەڵکشانی ڕێژەی ژنان لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشاندا، پێش لە هەموو شتێک بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی ژنان دەگەڕێتەوە، وشیارییەک کە ئاکامی ساڵەهای ساڵ قوربانیدان و چەوسانەوە بووە و ئەو وشیارییەیە کە دەتوانێ ببێتە خاڵێکی هیوابەخش بۆ نەوەکانی داهاتوو، ژنی وشیار دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕان لە کۆمەڵدا، دەتوانێ ببێتە دایکێکی وشیار و منداڵی وشیار بنێرێتە نێو کۆمەڵگاوە، دەتوانێ مامۆستایەکی وشیار بێت و قوتابییەکانی بە بیری نیشتمانپەروەری گۆچ بکات، یان لە هەر پلە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی گواستنەوەی وشیاری نەتەوەیی بدا، جا ئەگەر وشیاری نەتەوەیی بەم شێوازە بەرە لە دوای بەرە بگوازرێتەوە بێگومان داهاتووی گەلیش ڕوون دەبێ.

کەوایە سەرەڕای ئەوەی کە وەک باس کرا ڕەنگە هۆکاری پەیوەستبوونی ژنان بە ریزی پێشمەرگایەتی بە شێوەی ڕەها بیر و هزری نەتەوەیی نەبێ بەڵام لانیکەم لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە کە تاک بەو تێگەیشتنە بگەیێنرێت کە هەموو هۆکارەکان دەچنەوە سەر خاڵێکی گرینگ و ئەویش نەبوونی کیانێکی سیاسی و ڕزگارنەبوونی نەتەوەیە!

ئەمە ئەو خاڵە گرینگەیە کە حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە کاری لە سەر بکات و ئاراستەی هەبوونی ژنان لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا لە ڕێگەی سیاسەتی درووست و واقعبینانە بۆ هزری نەتەوەیی ڕابکێشێ، چونکە دەستەبەربوونی مافەکانی ژنان وەکوو مرۆڤ و وەکوو ژنیش کاتێک دەلوێ کە مافی ئێمە وەکوو نەتەوە دەستەبەر کرابێ.

بۆیە کاتێک کە باس لە هەڵکشانی ریژەی ژنان لە خەبات و لە ریزی پێشمەرگایەتیدا دەکەین نابێ هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بۆ چاندنی تۆوی وشیاری و ئاگایی لە بیر و هزری تاکەکان و بەتایبەتیش ژناندا لە بیر کەین کە چۆن توانیویە وەکوو حیزبێکی خاوەن ڕابردوو، لە ماوەی ٧٦ ساڵ خەبات و تێکۆشاندا، بە بەردەوامی ژنان بێنێتە نێو گۆڕەپانی خەباتەوە و گرینگی بە بوون و تێکۆشانیان بدات.

# کورتە ئاوڕێک لەسەر خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان

ئاگری ئیسماعیلنژاد

لە دوایین ڕۆژەکانی سەرماوەزی ١٤٠٠ شەپۆلێکی نوێ لە نارەزایەتیی مامۆستاکان دەستی پێکردەوە و نارەزایەتییەکانی ئەمجارەی مامۆستاکان پەیوەندی بە بژێو و ژیانی مامۆستاکان و لەخوارەوەبوونی ئاستی فێرکاری قوتابیانەوە هەیە، بەگشتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا مامۆستاکانی ئێران لە سەر سێ تەوەر نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان کردووە:

یەکەم: دۆخی خراپی بژێوی مامۆستایان

دووهەم: مافی خوێندنی زمانی دایک کە ئەو خۆپیشاندانە مامۆستاکانی نەتەوە نافارسەکان کردوویانە

سێهەم: دۆخی خراپی پەروەردە هەم لە ئاستی چی و چۆن فێربوون و هەم لە ئاستی بنیاتەکانی پەروەردەدا.

لە ئێستادا کە کۆتایی سەرماوەزی ١٤٠٠ە، هیچکام لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی مامۆستاکان بە ئاکام نەگەیشتووە و هاوکات لەگەڵ ئەوە بەدەر لە شێوەی نارەزایەتی و داخوازیی مامۆستاکان لە سەرجەمیاندا کۆمەڵێک لە مامۆستاکان دەستبەسەر کراون و بێڕێزیان پێکراوە و تووشی زیندان هاتوون.

پرسیاری ئەو وتارە ئەوەیە کە هۆکاری خراپیی دۆخی ژیانی مامۆستاکان و هەڵسوکەوتی خراپی ڕێژیم لەگەڵ مامۆستاکان چییە؟

کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تۆتالیتێرە، پێکهاتەیەک کە لەودا لە ژووری خەوی مرۆڤەکانەوە هەتا هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە شەقامەکانی شاردا ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ دیاری دەکرێت،پێکهاتەی تۆتالیتێر، کۆمەڵگای ئاواتەخواز، تاکی ئاواتەخواز و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

سەرەڕای ئەو باسە لە پێکهاتەی تۆتالیتێری ئیسلامیدا، بەپێی زانست کۆمەڵگای مرۆڤەکان بە دوو بەش دابەشکراون:

**بەشی یەکەم:** عولەما کە توێژێکی کەم لە کۆمەڵگان و ئەوان زانستی جیاواز دەزانن و بەپێی ئەو زانستانە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبن و هاوکات پارێزەری دینیشن و لە ڕەوتی مێژوودا سیستمی بارهێنانی عولەما هەبوو و ئەو سیستمە هەمان حوجرە یان خوێندنی فەقێیانە، ئەو سیستمە لە بەشی شیعەی ئێراندا تەنیا بۆ پاراستنی دین نەبووە، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە کۆمەڵگاش بەڕێوەبەرن و تا پێش ١٣٠٩ لە ئێراندا ناوەندە دینییەکان ناوەندی قەزایی بوون و تەنانەت ناوەندی تاپۆکردنی مڵک وماڵیش بوون.

**بەشی دووهەم:** عەوام، عەوام زۆرینەی زۆری خەڵکن ئەوان لە تاریکی (بێزانستی)دان و هەموو زانستێک بۆ عەوام نەهاتووە، چون ئەگەری هەیە ئەو زانستە ببێتە هۆکار بۆ دەرچوونی عەوام لە دین کەوایە نەک لە تاریکیدان بەڵکوو دەبێت لە تاریکیدا بشمێننەوە بۆ ئەوەی نەکا لە دین دەرچن و لە دنیای داهاتوو نەچنە بەهەشت. بەو پێیە کە تاڵیبان ڕێگە بەخوێندنی کچان نادات و هەر بەو پێیەشە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوە دەکەن کە زانکۆ لە ئێران بۆ دژایەتیی مزگەوت یان دین دامەزراوە .

بنەمای فکریی کۆماری ئیسلامی بۆ زانست لەسەر دابەشکاری عولەما و عەوام دامەزراوە و بۆیەش لە قوتابخانەی حەقانی ڕێگە دەدرێت دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئینگلیسی بخوێندرێ، کەچی هاوکات لەگەڵ ئەوە لە زانکۆ باسی زانستی مرۆڤی ئیسلامی دەکرێت.

یان لە قوتابخانەکانی عەلەوی خولی تایبەتی خوێندنی زمانی ئینگلیسی و عەرەبی لە کلاسەکاندا بەڕێوەدەچێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە خامنەیی ڕەخنەی توند لەوە دەگرێت کە خەڵک عەوداڵی فێربوونی زمانی ئینگلیسین .

ڕێژیمی تۆتالیتێر بۆ سەقامگیری بایەخەکانی خۆی و بارهێنانی کۆمەڵگا و تاکی دڵخوازی خۆی چەندین کەرەستەی لە بەر دەستە و یەکێ لە گرینگترین کەرەستەکانی سیستمی پەروەردەیە لە ڕێگای ئەو سیستمەوە هەوڵ دەدرێت تاکی تایبەت بە کۆمەڵگای توتالیتێر بار بێنێت، لێرەدایە کە پەروەردە وەک ڕێگایەک بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا سەیری ناکرێت؛ بەڵکوو وەکوو ڕێگایەک بۆ بارهێنانی تاکی نێو سیستمی تۆتالیتێر سەیری دەکرێت و هەوڵدەدرێت بایەخەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێر دەرخواردی ئەو قوتابییە بدرێت، کاتێ کارکردی پەروەردە دەگۆڕدرێت تەنیا پەروەردە لە ڕووی نێوەڕۆکەوە ناگۆڕێت، بەڵکوو لە ڕووی بنیاتیشەوە بەرۆژ ناکرێتەوە و هاوکات کەسایەتیی مامۆستاش هەم لە سیستمی پەروەردە و هەم لە کۆمەڵگادا تووشی تەنگژە دەبێت.

لەبیرتان بێت کە خامنەیی ڕاستەوخۆ دژی بڕیارنامەی ٢٠٣٠ی یۆنسکۆ قسەی کرد و ڕێگای لێگرت کە لە ئێراندا پیادە بکرێت.

لە پاڵ ئەو باسە ئیدلۆژیکەدا بابەتێکی تر هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەموو هێزی ئابووریی خۆی تەرخان کردووە بۆ دابینکردن یان سەرخستنی پرۆژەکانی، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، سەرخستنی توانایی درۆن و مووشەک، سەرکوتی خەڵکی ئێران و سازکردنی بۆمبی ئەتۆمی، لێرەدا کاتێک کە ئابووری وڵاتێک تەنیا بۆ ئاراستەی تەناهی بەکار دەهێندرێت، ڕوونە کە ڕەهەندەکانی تر وەک پەروەردە ، لەشساغی و ژینگە تووشی قەیران دەبن و نەتەنیا ناتوانن لەگەڵ ڕەوتی زەمان نۆژن بکرێنەوە، بەڵکوو تووشی سوانیش دێن و توانایی بەرایی خۆیشان لە ڕووی بنیاتییەوە لە کیس دەدەن.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسی دۆخی ژیانی ئابووری و زانستی مامۆستا لە پەروەردەی ئێراندا دەبێت، بڵێین لەو سیستمەدا مامۆستا وەک کەسایەتییەک کە کارتێکەریی لەسەر ژیان و داهاتووی کۆمەڵگا هەیە سەیری ناکرێت، بەڵکوو وەکوو ئامێرێکی بەردەستی سیستمی تۆتالیتێر بەمەبەستی بارهێنانی تاک بۆ دەسەڵاتی تۆتالیتێر سەیری دەکرێت، بۆیەش لەلایان کۆماری ئیسلامییەوە نە ئاستی زانستی مامۆستاکە بایەخێکی پێ دەدرێت و نە ژیانی ئابوورییەکەشی، کۆتا قسە ئەوەیە کە باوەڕی ئیدلۆژیک، پلانی تەناهی و خەونی سیاسیی کۆماری ئیسلامی یەکێ لە قوربانییە گەورەکانی، چینی مامۆستایان لە ئێرانە و هەر بۆیەش وڵامی ٢٠ ساڵ نارەزایەتی مامۆستاکان لەلایەن حکوومەتەوە دەبێتە سەرکوتی زیاتر و زیندان و بێڕێزیکردن بە مامۆستا و هیچیتری لێ شین نابێت.

# ئایا پرسی فێرکاری دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ؟

حەسەن ساڵحزادە

لە هەر وڵاتێک تێکڕای لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لە سەر ئەوە هاوڕان کە پرسی فێرکاری پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. هەر بۆیە لەسەر ئەو پرسە دەکەونە ڕکابەرییەکی هەمەلایەنە و هەرکامیان هەوڵ دەدەن کە دەسکەوتەکە بە لای خۆیاندا بیشکێننەوە. فێرکاری خاوەن گرینگی تایبەت بە خۆیەتی و نابێ بە سانایی چاوی لێ بکرێ، بەڵکوو پرۆسەیەکە کە لە دنیای پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتیدا بە هەوێنی گۆڕانکاری دەناسرێ و لە جەرگەی ناوەندەکانی خوێندا ئامرازی هەرە کارای یاریکردن لە نێوان مامۆستا و قوتابیدایە کە دەتوانن خۆیان بە زۆر مەسەلەی دیکەوە بلکێنن. پرۆسەی فێرکاری لە دووتوێی بەرنامە و پرۆگرامێکی تۆکمەدا دەتوانێ ئەو بایەخە کۆمەڵایەتییانەی کە لەکیس چوون قەرەبوو بکاتەوە و لە هەمان کاتدا بەوانەی کە لە ئارادان بە بنەڕەتدا بچێتەوە. بەمجۆرە، ڕوانگەی بەهادان بە پرسی فێرکاری، سەرنجی چالاکانی پیشەی مامۆستایەتی و بەرگریکار لە مافی پەروەردەیی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. هەروەها بە نیسبەت ئەوەی کە لە قوتابخانە دەگوزەرێ، لە ڕوانینێکی بنەڕەتیتردا، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەوان چۆن دەتوانن بەر بە زێدەخوازییەکانی دەسەڵات بگرن و هاوکات لە تەسلیمبوونی کۆمەڵگای خۆیان بەرگری بکەن؟

ئەم ڕۆژانە لە میانەی هەواڵ و ڕاپۆرتی سەر بە قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا، بڕێک دەستەواژەی گشتی و دیار کە بۆ خەڵک ناسراون لە ڕادەبەدەر بەکاردەبرێن و چەندپاتە دەبنەوە. بۆ وێنە، ڕێژی بێکاری، نابەرابەریی ئابووری، کێشەی خانووبەرە، پرسی سڵامەتی، ڕەگەزپەرەستی، توندوتیژی، جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵە پرسێکی هاوشێوە، وەک هەمیشە لە ناو میدیاکاندا وەبەرچاو دەکەون. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، گرفتێکی گرینگی دیکە بە ناوی پرسی فێرکاری لە ئارادایە کە زۆر کەمتر ئاوڕی لێ دەدرێتەوە، پرسێک کە دەکرێ وەک سەرچاوەی دروستبوونی زۆربەی قەیرانەکانی دیکە پێناسە بکرێ. پرۆسەی فێرکاری لە ناوەندی خوێندنگەوە دەست پێدەکا و لەوێوە شوێنەوارەکانی بۆ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە تەشەنە دەستێنێ.

لە ئەگەری کەمتەرخەمیی لایەنە پێوەندیدارەکاندا، قوتابخانە وەک یەکەم مەکۆی دەسپێکی درزی گەشەی خوێندن خۆی دەردەخا و زۆر دیاردەی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە هێڵی پێوەندیی قوتابخانە بۆ زیندان، دەتوانێ لە پرسی فێرکاریی نوقسانەوە سەرچاوە بگرێت. پرۆسەی خوێندن بە بوودجە و سەرمایەی خەڵکی ئێران دەگەڕێ، کەچی سەیر لەوەدایە، بەڕێوەبەرانی ئەو پرۆسەیە بە ڕووهەڵماڵدراوی لە دووتوێی بەرنامە دەرسییەکاندا هێرش دەکەنە سەر بایەخە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی خەڵک و چینی کەمایەتی، سەرانەی قوتابیان دەبڕن، بە ئاشکرا بێڕێزی بە مامۆستا و وانەبێژان دەکەن، دەستەبەندی کردنی قوتابخانە و قوتابیان لە ژێرناوی جۆراوجۆردا و بە مەبەستی فریودانی ڕای گشتی و دەیان دیاردەی دیکە کە بە شێوەی مەترسیدار ڕوو لە گەشەن، خوڵقاوی دەستی ئەوانن و هەڕەشە لە سەقامگیریی پرۆسەی فێرکاری دەکەن. ئەگەرچی دەسەڵاتداران و بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە مەیدانی کردەوەدا هیچ حوزوورێکی ئەوتۆیان لە پێناوی خزمەت بە خەڵک لێ نابیندرێ، بەڵام بە قسە هیچیان نەهێشتۆتەوە و خۆیان لە جیهاندا بە هەرە لە پێش دەناسێنن. ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ ڕابردووی دۆخی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بکەین و کردەوەکانیان لە گەڵ ئاکامی هەوڵی وڵاتانی دیموکراتیک هەڵسەنگێنین، پێچەوانەی ئیدیعاکانی ئەوانمان بۆ دەردەکەوێ. لە ئاکامی ڕوانین لە هەڵسوکەوتی بەرپرسان دژی چالاکانی پیشەیی لە بواری فێرکاریدا، دۆخی ئاڵۆزی قوتابخانە و ناوەڕۆکی بێکەڵکی سەرچاوە دەرسییەکان، مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، مافی دەنگدان و هەروەها بەرپرسایەتیی ڕێژیم بەرانبەر بە مافە گشتییەکانی خەڵک بە تێکڕایی، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی دەرهەق بە پرسی پەروەردە و مافی سەرەتایی گەلان لە ئێراندا دەکرێ، لە گەڵ هیچ شوێنێکی دیکەی ناسراوی جیهان یەک ناگرنەوە و دۆخێکی هەرە خراپتریان هەیە. لێدوانی پارادۆکسیکاڵ و چەواشەکارانە، دوو ئامرازی سەرەکیی ڕێژیمی ئێرانن کە بەمەبەستی زەوتکردنی مافەکانی گەلانی بندەست کەڵکیان لێ وەردەگرێ. بۆ وێنە، دەزگای سیاسی و حوکمڕانیی ئێران بە پێی یاسای بنەڕەتی، گەلی کورد بە گەلێکی ڕەسەنی خاوەن ڕابردووی ئێرانی دەزانن، لە هەمان کاتدا هەردەم لە ڕەهەندێکەوە بایەخە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دەکەنە نیشانە و بێڕێزی دەکەن. تەنانەت زۆر جار ئەو ڕوانگە شۆڤێنیستییەی دەسەڵات خۆی دەگەیەنێتە ناو پرسی فێرکاری و سەرچاوە دەرسییەکان. ئەوەش بە کام بایەخی مەعنەوی و ئیسلامی یان بە کام پێوەری مافەکانی مرۆڤ؟ دەبێ هەر بۆ خۆیان وەڵامەکەی بزانن و بەس !

ئێستا وەک پرسیاری بنەڕەتی وەختی ئەوەیە کە لە خۆمان بپرسین «ئەو کەسانە کێن کە دەتوانن بەرانبەر بە سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئاخوندە دواکەتووەکان بە نیسبەت پرسی پروەردە دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی، بانگ بە گوێچکەی کۆمەڵگەی خۆیاندا بدەن؟» دیارە تەنیا کەسێک کە توانای وەها ئەرکێکی گرینگی هەبێ و هەست بە ئازارەکانی بکا، لە قۆناخی یەکەمدا مامۆستای قوتابخانەیە. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەسەڵات ئەوەیە کە خوێندنگەی شیاو بۆ منداڵانی وڵاتەکەی دابین بکا. قوتابخانەی شیاو، ناوەندێکی خوێندکارییە کە لەوێدا بە پێی بەرنامەی دەرسیی سەردەم، قوتابی وێڕای خوێندنی زانستەکانی ڕۆژ، لەگەڵ بایەخە جۆراوجۆرە فەرهەنگییەکانی خۆی گەشە دەکا و بەدواداچوونیان بۆ دەکا. قوتابخانەیەک کە لەودا پێوەرەکانی سەردەم ڕەچاو نەکرابێ، مامۆستا ناتوانێ ئەرکی خۆی بە دروستی بە جێ بگەیەنێ. بە واتایەکی دیکە، مامۆستا بۆ ئەوەی بتوانێ شوێندانەری لە سەر قوتابیەکانی خۆی دابنێ، پێویستە لە ڕێگەی سەرچاوە دەرسیەکان و بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردەوە، پێوەندی لە گەڵ قوتابی دروست بکا و دواتر ئاکامی هەوڵەکانی بۆ بنەماڵە و کۆمەڵگە بگوازێتەوە.

پرسی فێرکاری لە ئاکامی ڕوانگەی ئەرێنی یان نەرێنی دەوڵەتانەوە، دەتوانێ پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە سەر ژیانی گشتی و تاکەکانی کۆمەڵ دروست بکا. هەربۆیە، دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دواکەوتووەکان بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگەی تایبەت بە ئامانجەکانی خۆیان ساز بکەن، نە تەنیا ڕێگە بە گەشەی مودێڕنی قوتابخانە نادەن، بەڵکوو پرسی فێرکاری بە بارمتە دەگرن و لەوێڕا ڕوانگەی ئیدیۆلۆژیک و بەرتەسکی خۆیان ڕەوانەی پانتایی کۆمەڵگە دەکەن.

لە وەها حاڵەتێکدا، پرسی فێرکاریی و سەرچاوە دەرسییەکان نە تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندی خەڵکدا نابن، بەڵکوو دەبێ وەک سەرچاوەی ئالوودەیی و ناپاکی چاویان لێبکرێ. لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا زۆر گرینگە، یان دەبێ وەک کەرەسەیەکی ئێلێکتریکی، هاوتەریبی دەسەڵاتە دژی گەلییەکە، وانەی ستەم و ناعەدالەتی بڵێتەوە، یان سەربەرزانە هەڵوێست بگرێ و لە خەڵک و کۆمەڵگاکەی بەرگری بکات.

لە قوتابخانەی ژێردەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا کە بیری کۆنەپەرەستی زاڵە، بە هیچ جۆرێک پرسی فێرکاری و ڕوانگەی مامۆستایان سەبارەت بە هەڵبژاردنی وەزیری پەروەردە لە بەرچاو ناگیرێ.

مەرجی سەرەکیی شیاوەتیی پۆستی وەزارەتی پەروەردە، متمانە بە نیزامی ویلایەتی فەقیهە کە ساختارەکەی لە سەر بنەمای جەهل و جینایەت ساز کراوە. بۆیە هیچ وەزیرێکی دەزگای پەروەردەی دەسەڵاتی ئاخوندی تا ئێستا نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی پرسی پەروەردەی بەربڵاوی ئێران بکا.

هەروەک دەبینین، پرۆسەی مافخوازی و نارەزایەتی مامۆستایان وەک زیندووترین پێکهاتەی پیشەیی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران، هەروا لە پەرەسەندندایە و ئەم ڕۆژانە خۆی لە قۆناغێکی جیددی و هەستیاردا دەبینێتەوە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە قەیرانی کۆرۆنا باڵی بە سەر جیهاندا کێشاوە، زۆربەی وڵاتانی جیهان پرسی فێرکارییان وەکوو یەکەمایەتییەکی گرینگ چاو لێ کردووە و ڕێچاری تایبەتیان بۆ دۆزیوەتەوە. بەڵام بەداخەوە، دەسەڵاتی ئێران بە چاوی ئەمنییەتی لەو پرسە دەڕوانێت و هەوڵی ئاسایی بوونەوەی دۆخی قوتابخانە نادات. بە هۆی ئەوەی کە گوێ لە دەنگی ڕەوای مامۆستایان ناگیرێ، گیروگرفتەکانی بواری فێرکاری چەند هێندەی جاران لە سەر یەک کەڵەکە بوون.

لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، مامۆستایان کۆبوونەوەکانیان لە ڕۆژی ٥شەممەدا کە قوتابخانە داخرابوو، دەگرت. ئەوان بە پێی بانگەوازی شووڕای هاواهەنگی یەکیەتییە پیشەییەکان، لە بەردەم ئیدارەی پەروەردەی شارەکان و بە دوور لە چاوی خەڵک و قوتابی کۆ دەبوونەوە و داواکارییەکانیان بە گوێچکەی بەرپرسانی پلەبەرزی ئیداریدا دەدا. بەڵام لە خولی نوێدا، بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، قوتابخانەکان وەک شوێنی مانگرتن و دەربڕینی نارەزایەتی هەڵبژێردراون کە لە خۆیدا چەند تایبەتمەندی گرینگ تر لە چاو جاران بەم شێوەیە لە خۆ دەگرێ:

- پەیامی مامۆستایان و داواکارییەکانیان ڕاستەوخۆ دەدرێتە قوتابیان و لەوێوە بە بنەماڵەکان دەگا،
- کۆبوونەوەی مامۆستایان لە یەک شوێن سنووردار نەکراوە و تێکڕای ناوەندەکانی خوێندن دەگرێتەوە،
- مانەوەی مامۆستایان لە دەفتەری قوتابخانەکان، دەرفەتێکە بۆ ڕاوڕاێژ سەبارەت بە داواکارییەکانیان،
- تێکڕای مامۆستایان بەشداری پرۆسەکە دەبن و ڕێگەی دەرچوون و خۆدزینەوەی مامۆستایانی هەلپەرست و موحافزەکار بەرتەسک دەبێتەوە و ڕووی دزێوی خۆفرۆشەکان ئاشکرا دەبێ.

دیارە مامۆستایانی کوردستان هاواهەنگ لە گەڵ تێکڕای مامۆستایانی ئێران بە پێی بانگەوازی شووڕای هاواهەنگی یەکێتیە پیشەییەکانی ئێران، پەیوەست بە نارەزایەتییەکان دەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا ویست و داخوازییەکانی گەلی خۆیان لە بیر نەکردووە و ئەو ڕاستییەش لە دروشم و وتارەکانیاندا بە ڕوونی دیارە و ڕەنگی داوەتەوە.



# ئاسۆ مینا:
## چەندە پێشمەرگە پرەنسیپی ئەخلاقی و ئینساندۆستانە ڕەچاو بکات، ئەوەندەش پاکی و دڵسافی میللەتەکەی نیشان دەدات، چۆنکە پێشمەرگە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دوای ئەوەیکە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هێرشیان کردە سەر شارەوانیی مەهاباد و دەستیان بەسەر دوایین قەڵای داگیرکاریی ڕێژیمی پەهلەوی لەو بەشە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گرت، لەو کاتەوە ناوی پڕ لە ناوەرۆک و هێزی ڕزگاریخواز و پارێزەری کورد و کوردستان، بە پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا و لەو کاتەوە تا هەنووکە پێشمەرگە وەک سەمبولی ئازادی، ڕەمزی ڕزگاریی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و وەک ئاوێنەیەکی بێگەرد ماوەتەوە و ڕیشەیەکی وەهای داکوتاوە کە پاش ٧٦ ساڵ لە هەموو کوڕ و کۆبوونەوەکاندا بە شکۆوە یادی دەکرێتەوە.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک «ئاسۆ مینا» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات مانا و چەمکی پێشمەرگە و هەروەها ئەرک و ئامانجەکانی پێشمەرگەمان خستووەتە بەر باس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

### . تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگە چین و بە کێ دەڵێن پێشمەرگە؟

لە دنیای ئەورۆکەدا هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی خاوەن هەندێک شکڵ و شوناس و سەرمایەی تایبەتە کە پێی دەناسرێتەوە. یەکێک لەو سەرمایە بەنرخ و پڕبایەخانەی کە هەر نەتەوەیەک هەیەتی، هێزی سەربازی یا پارێزەری نەتەوە و ئەو وڵاتەیە کە نەتەوەکە لەسەری دەژی. کوردیش وەکوو هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن هەندێک لەو شوناسە گەورە و گرانانەیە کە پێی دەناسرێتەوە. خاک، نەتەوە، زمان، فەرهەنگ، دابونەریت و هەستی هاوسۆزی لە نیشانەکانی بوونی کوردن. پێشمەرگە وەکوو هێزی بەرگریکار و شۆڕشگێڕ و پارێزەری شەرەف و نامووسی میللەت، یەکێک لەو سەرمایە بەنرخانەی کوردە. پێشمەرگە کە لە سەردەمێکی تایبەتدا وەکوو هێزی نیزامیی کورد سەری هەڵدا، وەکوو پارێزەری بایەخە بەرز و هاوبەشەکانی کورد ناوی دەرکرد. ڕەنگە پێشمەرگە لەگەڵ هەر هێزێکی نیزامیی دیکەدا جیاوازی هەبێ. پێشمەرگە بۆ سەرەتاییترین مافەکانی میللەتەکەی هەوڵ دەدا و سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ سەختترین و دژوارترین دۆخ ڕووبەڕوویە. ئەو پێی لەسەر خاکی خۆی نییە، مافی ئەوەی لێ زەوت کراوە کە لەسەر خاکی خۆی بژی. زەحمەتکێشان لە پێناو نەهێشتنی ستەمکاری، لەنێوبردنی نادادپەروەری، هەوڵ بۆ ئازادی لە کۆت و بەند و دابینکردنی بەختیاری بۆ کۆمەڵگای کوردستان لە ئامانجە دێرینەکانی پێشمەرگەن دەرحەق بە میللەت. شۆڕش و خەبات کردن بەوەجترین ڕۆڵەی خۆی پێویستە. شەونخوونی و چێشتنی سەرما و گەرمای پێویستە. ماندوونەبوونی و نەحەسانەوە و تاقەتی لەڕادەبەدەری دەوێ، برینداری و گیران و نەمان و دەربەدەری و سەدان نەهامەتی و بەدبەختیی لە دوایە کە هەموو ئەوانە بە کەسێک دەکرێ کە پێی دەڵێن پێشمەرگە.

پێشمەرگە کەسێکی گیانسەختە، ئەو کەسێکە کە لە مادییات و خۆشییەکانی ژیانی گوزەراوە و بە دوای بردنەسەرەوەی مەعنەوییاتی ملیۆنان ئینسان کەوتووە و حازر نییە ئامانج و بیر و باوەڕی ببێتە دەسخۆشی هیچ شتێکی لاوەکی و لە ڕاستیدا ژیان بۆ ئەو بەو ئامانجانەوە مانا پەیدا دەکا و ژیان ئەگەر ئازادی و کۆمەڵێک بەهای دیکەی تێدا نەبێ، بۆ ئەو هیچ مانایەک نادا و بۆ ئەو تەنیا هەناسەهەڵکێشان ئەسڵ و ئەساس نییە و لە پێناو بەختەوەری و بەختیاریی کۆمەڵگا و چۆنیەتیی دروستژیان و سەربەرزانە مردن زەحمەت دەکێشێ و فەلسەفەی مانەوە و هەرمانی خۆی و خەڵکەکەی لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا دیتووەتەوە. لە ڕاستیدا ڕەنگە پێشمەرگەش وەکوو هەر مرۆڤێکی دیکە خاوەن هەست و سۆز و ئێسک و پێست و خوێن بێ بەڵام ناسنامەی پێشمەرگەبوون، ئینسان لە زۆرێک لە شوناسە تاکەکەسی و مەدەنییەکان بەرەو سەرتر دەبا و بەرپرسیاری دەکا لە بەرانبەر چارەنووسی هەزاران و ملیۆنان مرۆڤ.

### . ماهییەتی پێشمەرگە و جیاوازیی پێشمەرگە لەگەڵ هەر هێزێکی نیزامی لە دنیادا چییە؟

پێشمەرگە هێزی نیزامی گەل و میللەتێکە کە لە ژێر ستەمدایە و خاکەکەی داگیرکراوە. دیارە میللەتێک کە زوڵم و زۆری لەسەر بێ، لە باری ئیمکانات لە هەموو بارێکەوە بێبەشە. کە میللەت لە بێبەشیدا بوو، هێزە نیزامییەکەشی لەگەڵ نەبوونی بەرەوڕوو دەبێ. پێشمەرگە کە شەڕی جبهەیی لەگەڵ دوژمنەکانی بۆ ناکرێ، وەکوو پارتیزان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ هەر بۆیە پێویستی بە شوێن هەیە کە شاخ تەنیا پەناگە و شوێنی مانەوەیەتی.

پێشمەرگە وەکوو هێزی پارتیزان لەگەڵ نەبوونی و کەمی ئیمکانات ڕووبەڕوویە بەڵام لەولاشەوە لەگەڵ دوژمنێکی زەبەلاح دەستەویەخەیە.

هەر بۆیە هەوڵ دەدا لەگەڵ هەموو نەبوونی و کەم ئیمکاناتییەک دەست و پەنجە نەرم بکات و وێڕای مانەوە و تاقەتهێنان، بتوانێ بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان هەوڵ بدا.

لە باری ئیمکاناتەوە ئەوەی زۆربەی هێزە نیزامییەکانی دنیا هەیانە، ئەو نییەتی بەڵام ئیرادە و حەماسەت و بوێرییەک کە ئەو هەیەتی ڕەنگە زۆر هێزی نیزامی لە دنیادا نەیبێ.

لەگەڵ هەموو نەبوونی و کەموکوڕییەک، پێشمەرگە قەناعەت دەکا. لە ئیمکاناتی کەم بە باشترین شێوە کەڵک وەردەگرێ. ئەو عادەتی بەوە گرتووە و پێیوایە کە بە کەمترین ئیمکاناتیش دەتواندرێ زۆرترین دەسکەوت وەدیبێنێ و ئەزموونی دەیان ساڵەشی لەو بوارەدا هەیە. بە چەکی سووک شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی زەبەلاح و تەیار بە هەموو چەک و جبەخانەیەک دەکا و لە کاتی ئەستەمیشدا لەگەڵ ماندوویەتی و زەحمەتی زۆر، ورە و هیوا هەر لە دەست نادا.

### ئایا تەنیا ئەو تێکۆشەرە کوردانەی کە لە پێناو ئازادی نەتەوەکەیان چەکی بەرگریان هەڵگرتووە بە پێشمەرگە دەناسرێن یان کەسانی دیکەش کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خزمەت بە نەتەوە و بزووتنەوەی کورد دەکەن بە پێشمەرگە دەناسرێن؟

لەوڕۆدا ڕەنگە بە فەرمی بەو کەسانە بگوترێ پێشمەرگە کە چەکیان بە دەستە و لە چوارچێوەی سازمانێکی سیاسیدا خەریکی شۆڕشن و لە ڕیزەوی خەباتیان لە شاخەوە بەرەو شارە بەڵام لە ڕاستیدا هەر کەسێک لە کۆمەڵگا کە بیری شۆڕش و خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاری لەبەرچاو بێ و یارمەتیدەری شۆڕش بێ، هەر پێشمەرگەیە.

لەوڕۆدا پێشمەرگایەتی وەکوو پێشتر نەماوە. هەر توێژێک لە کۆمەڵگا هەست بە بەرپرسیارێتی بکا لە ئاست خاک و کۆمەڵدا، وەکوو پێشمەرگە حیسابی بۆ دەکرێ. ئەو ژینگەپارێزەی کە ژینگە لە فەوتان دەپارێزێ، ئەو پەرستارەی سڵامەتیی خەڵک خەمی گەورەیەتی، ئەو تاکەی کە زانیاری لەسەر دوژمن کۆ دەکاتەوە و دەیداتە دەست شۆڕش، ئەو مامۆستایەی قوتابییەکانی بەدروستی باردێنێ و ئەو نووسەر و شاعیرەی لە دەرد و مەرگی کۆمەڵگا دەدوێ و ... هەموو دەچنە قاڵبی پێشمەرگەبوونەوە واتە ئەورۆ پێشمەرگەبوون تەنیا بە پێی بوونی چەک و ڕەخت نییە. لە سەردەمی نوێدا شۆڕش، لە باری چوارچێوە و مەفهووم و شێوەی بەڕێوەبردنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وەکوو پێشتر نەماوە. پانتایی شۆڕش بەربڵاو بووە و ڕەهەندی جۆراوجۆری پەیدا کردووە. بۆیە پێویستە کە خەڵک و بە تایبەت پێشمەرگە لە هەموو ڕێگای پێویست بۆ برەوپەیداکردنی شۆڕش کەڵک وەربگرن.هەر بۆیە پێویست دەکا لە توانایی هەموو توێژەکانی نێو کۆمەڵگا کەڵک وەربگیرێ و ئەگەر ئەوە کرا، هەم خەڵک زیاتر بە ڕێکخستن دەکرێ و هەمیش فشاری زۆر لە سەر پێشمەرگەی شاخ کەم دەبێتەوە و پێشمەرگەی شار لە هەموو چین و توێژەکان دروست دەبێ کە ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر ئەو شێوازە پیادە بووە.

### . بیری ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازیی خەڵکی کورد تا چەندە لەگەڵ هەبوونی پێشمەرگە گرێ دراوە؟

سەردەمانێک پێشمەرگە وەکوو ڕزگاریدەر دەبیندرا و خەڵکی کورد پێشمەرگەیان وەکوو تەنیا کاراکتێری مەیدانەکە دەدیت چونکە دۆخەکەش هەڵگری ئەوە بوو بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە مەیدانی شۆڕش و خەباتکردن تەنگتر بووەتەوە و شێوەی خەباتکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە پێویست دەکا هەموو کۆمەڵگا وێڕای پێشمەرگە هەوڵی خۆی بدا. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نە خەڵک بە بێ پێشمەرگە و نە پێشمەرگە بە بێ خەڵک دەتوانن برەو بە شۆڕش بدەن.

ئەوە پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە خەڵک بۆ پێشمەرگە پەنادەر و پشتیوانە و پێشمەرگەش وەکوو پارێزەر و فیدایی ئامانجەکانی گەل، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ. لە ڕاستیدا چەندە خەڵک بە ڕێکخستن بکرێ و ئاگاهی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییان بەهێز بکرێ، زاخاوی ئەو ئاگاهییە لە نزیکبوونەوە بە ئامانجەکان زیاتر خۆی نیشان دەدا و زۆربوونی پێشمەرگە و هێزی شۆڕشگێڕی چەکدار وەکوو پارێزەری کەرامەت و نامووس و خاک لەو ڕاستایەدا وەدیار دەکەوێ. لەبەر بوونی پاشخانێکی مێژوویی گەورەی پەیوەندی کە پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی کورد هەیەتی، بوونی پێشمەرگە لەگەڵ ژیانی خەڵک تێکەڵکێش بووە و یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لە هەموو کەس دەتوانێ ڕووناکیدەری چاوی خەڵک بێ و کوێرایی بە دوژمن دابدا هەر پێشمەرگەیە. لەو سەردەمانەی کە هیچ ڕووناکاییەک بەدی نەدەکرا و خەفەقان هەموو وڵاتی تەنیبوو، پێشمەرگە هەر هەبووە و گەشتی خۆی بە کوردستاندا کردووە و هەتا پێشمەرگە لە وڵاتدا هەبووە کێشە و گرفت و قەیران کەم بووە و بە بوونی پێشمەرگە زوڵم و زۆری نەماوە چونکە بوونی پێشمەرگە بەستراوەتەوە بەوەی کە نەهێڵێ ستەم و داگیرکاری برەو پەیدا بکا هەر بۆیە کاتێک پێشمەرگە بە هۆکاری تایبەت وڵاتی بەجێهێشتووە دەستبەجێ زوڵم و زۆر وڵاتی گرتووەتەوە و هەر بۆیە خەڵک چێژی زوڵم و ستەمیان لە نەبوونی پێشمەرگەدا کردووە و بۆیە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوون کە پێشمەرگە وەکوو ڕزگاریدەر بێت و لە دەستی زۆرداری نەجاتیان بدا.



لەبەر ئەوەی پێشمەرگە ڕۆڵەی میللەتێکی ستەملێکراو و کوێرەوەری و بەدبەختی زۆری دیوە، هەر بۆیە بە ڕوحم و بار، بار هاتووە و بە گشتی مرۆڤی کورد لەبەر دیتنی کارەسات و ڕووداوی گەورە و دڵتەزێن لە مێژووی خۆیدا بە ڕوحم دەرهاتووە و ئەو بەڕوحمبوونەشی لە ئاست هەموو کەسێکدا دەرخستووە. پێشمەرگە هێزێکی نیزامیی ئاشتیخوازە و لە مێژووی خۆیدا دروستکەر و دەسپێکەری شەڕ نەبووە و شەڕیان پێ فرۆشتووە و ئەگەر شەڕیشی کردبێ بە شێوەی ڕەوا کردوویەتی و لە کاتە توندوتیژەکانی شەڕدا پرنسیپە ئینسانییەکانی نەخستۆتە ژێر پێ و بە ئاکار و کردەوەی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە توانیویەتی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و وەکوو هێزێکی ئینسانی و نیزامی جێگای باوەڕ، حیسابی لەسەر بکرێ. لە ڕاستیدا چەندە پێشمەرگە پرنسیپی ئەخلاقی و ئینساندۆستانە ڕەچاو بکات، ئەوەندەش پاکی و دڵسافیی میللەتەکەی نیشان دەدات چۆنکە پێشمەرگەیە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکە. هەر بۆیە هەر ئاکار یا هەڵسوکەوتێکی خراپی پێشمەرگەش، ئاکامی خراپی بۆ خەڵک و بزووتنەوە لە نێوخۆ و دەرەوە لێدەکەوێتەوە بەڵام چونکە پێشمەرگە لە مێژووی خۆیدا هێزێک بووە دژی خراپەکاری و زۆرداری خەباتی کردووە و لەو پێناوەدا خوێنی داوە، نەتواندراوە زەحمەتەکانی نادیدە بگیرێ و هەر بۆیە کارە مرۆڤییەکانی ڕەنگاوی دەرەکییان داوەتەوە و دنیای دەرەوەشی لە ڕەوش و بارودۆخی خەڵکی کورد ئاگادار کردووەتەوە و سەرنجی دنیای دەرەوەی بۆ لای پرسی کورد ڕاکێشاوە و پشتیوانی بۆ مەسەلەی کورد دروست کردووە.

### . لەنێو گەلانی جیهاندا هێزێکی ئازدیخواز هەبووە کە وەکوو پێشمەرگە پێناسەی بۆ کرابێت؟

لە مێژوودا ئەو میللەتانەی کە بۆ ئازادی زەحمەتیان کێشاوە و نرخیان داوە، کەم نین و لەو نێوەدا هێزی نیزامی یا شۆڕشگێڕەکەیان، دەور و ڕۆڵی تایبەتی گێڕاوە. ئەو هێزانەی کە بۆ مانەوەی نەتەوەی خۆیان و لە پێناو مرۆڤایەتیدا خەباتیان کردووە، دیارن بەڵام ڕەنگە هەندێک خسڵەت لە پێشمەرگەدا هەبێ کە جودای بکاتەوە لە هەر هێزێکی دیکە. پێشمەرگە خۆبەخشانە لە خۆی دەگوزەرێ و بە بێ هیچ چاوەڕوانی و هیچ ئیمتیاز و پاداشتێک هەوڵ دەدات بۆ ئامانج و هەموو کوێرەورییەکیش تەحەمول دەکا. جوانی ژیانی پێشمەرگانە لەوەدایە کە سەخت دەژی. پارتیزان ژیانی لەگەڵ هەر مرۆڤیکی دیکە جیایە، ئەو جۆرێک ژیان دەکا کە خەڵکی دیکە وانین. ئەو لە یەک کاتدا مەجبوورە دەیان کار پێکەوە بکا.

سەختە بتوانی هێزێک بدۆزییەوە کە وەکوو پێشمەرگە بچێت. پێشمەرگە لە باری شێوەی فکر و شێوەی ژیان و هەموو شتێکەوە جیاوازی زەق و بەرچاوی هەیە. هێزی شۆڕشگێڕ و خەباتکار لە دنیادا زۆرن بەڵام ڕەنگە پێشمەرگە لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە یا دەگمەن بێ. پێشمەرگە شوناسەکەی بەستراوەتەوە بە گەل. جلەکەی لە ڕەنگی وڵاتی خۆیەتی، بیر و باوەڕ و هەڵسوکەوتی نەشئەتگرتوو لە تەبیعەتی وڵاتەکەیەتی، سازگاری لەگەڵ وڵاتی خۆی نەبێ لەگەڵ هیچ کوێی دیکەی نییە بەڵام بۆ پارێزڤانی لە بەهاکانی مرۆڤایەتی و شەڕ لە پێناو مافی ڕەوا، هیچ سنوورێک ناناسێ.



# چۆن پێشمەرگەم ناسی!



**قادرئەلیاسی**

هێشتا منداڵ بووم، لە ڕۆژێکی هاویندا کە خەڵکی دێ سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەروبووی ساڵ بوون، ئەو ڕووداوە ڕووی دا. ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش بوو.
بە جۆرێک دواتر لە ژیانی مندا بوو بە ڕۆژێکی لەبیر نەکراو.
ئەو ساڵە پەڵە زەوییەکەی بەر ئاوایی مان کردبوو بە گەنم. وەک دواتر بۆمیان گێڕایەوە، گەنمێکی چاکی هێنابوو. سوار لە نێویدا نوقم ئەبوو. گەنم پێگەیشت بوو و باوکم بەنیاز بوو، لەو ڕۆژانەی داهاتوودا دەست بکا بە دروێنەی.
کات لە دوا نیوەڕۆ لای دابوو و نزیکی خۆراوا بوو کە تەقە دەستی پێکرد. خەڵکی دێ، یەک یەک و دوو دوو، لە ماڵ وەدەرکەوتن. باوکم بە چەپۆکە ئەیکێشا بە سەر خۆیدا و ئەیوت: ڕۆڵەم ڕۆ، هەم ماڵم سووتا و هەم ژیانم شێوا.
دایکم ڕووی خۆی ئەڕنی.
حەمەکەریمی دراوسێمان بەرەو پیری باوکم هات و بە پەرۆشەوە پرسی: ئەمانە چۆن گەیشتنە ئەو شوێنە؟ ئەی باشە چۆن پێیانزانیون؟
باوکیشم لە داخانا لێوی خۆی ئەگەست و بەردەوام ئەیکێشا بە سەر خۆیدا. چەند کەسی تری ئاوایی هاتن و هەمان قسەی حەمەکەریم یان دووپات دەکردەوە.
ئاخرەکەی باوکم خۆی پێڕانەگیرا و هاتە قسە: «باشە خەڵکینە، من رزقی ئەوساڵی خێزانەکەم سووتا، ئیتر بۆ ئەشم کەن بە هاوکاری ئەوانە؟ نە ئەزانم ئەوانە کێن و نە ئاگاشم لە بوونیان لەو شوێنە هەبووە. ئیتر بۆ لە من ئەپرسن؟»
خاڵۆمارف دڵی باوکمی دایەوە و ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: « براینە، ئەوەی ڕووی داوە، لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. باشتر وایە، لە باتی ئەوەی بە دوای کێشەسازکردنەوە بین، با پێکەوە مشوورێکی نەریمان بخۆین.
ئەو هەم ماڵی چووە، هەم مەترسی دیکەشی لە سەرە.»
باوکم بە بیستنی ئەو قسانەی خاڵۆمارف، ئاهێکی وەبەر هاتەوە و دەستی لە چەپۆکەسەرەی خۆی هەڵگرت. کاتی ڕووداوەکە ئەوەندە منداڵ بووم، لە شتە سادەکان نەدەگەیشتم، تا بگا بە واتای ئەو ڕووداوە. ئەو ڕۆژە ئەو کێشەیە سازبوو، تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە ئەوانە کێ بوون خۆیان لە نێو گەنمەکەی ئێمەدا حەشار دابوو؟ بۆچی گەنمەکەیان سووتاند؟ لە خۆمەوە ڕقم لێیان دەبۆوە. بە تایبەت زستانی دوای ئەو ڕووداوە برسیەتییەکی زۆرمان کێشا. هەر کە داوای نانم ئەکرد، دایکم ئەیوت: « ڕۆڵەگیان نانمان نییە، ئەی گوایە نەتزانیوە هاوینی رابردوو خەلەکەمان سووتا؟»
سکی برسی و تەسەی* خاڵی، بەردەوام زۆری بۆ دەهێنام کە بیر لەو ڕووداوەی هاوینی رابردوو بکەمەوە.
ئەوانە کێ بوون؟ لە گەڵ کێ شەڕیان دەکرد؟ ئەی بۆ خەڵکی ئاوایی هیچیان پێنەکرا؟ هەندێ وەڵامی کورت و پچڕپچڕم دەبیست کە کێشەکەی لێ ئاڵۆزتر دەکردم.
چەند ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و منیش هەستم دەکرد دەتوانم لە هەندێ شت تێبگەم. بە تایبەت کە ڕێژیمی پاشایەتی خەریک بوو دەڕووخا. من ئەو کاتە پۆلی سێهەمی سەرەتایی بووم.
ڕۆژێک لە دایکم پرسی: « دایەگیان، من ئێستە چەند ساڵ تەمەنمە؟»
دایکم وەڵامی دایەوە:» ئەو ساڵە گەنمەکەمان سووتا، تۆ ٣ ساڵان بووی.»
لە گەڵ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەم وەرنەگرت، دیسان ڕووداوی گەنمەکەم وەبیرهاتەوە. بۆیە پرسیم: « ئەی دایە، ئەوانە کێ بوون، گەنمەکەی خۆمانیان سووتاند؟»
دایکم بە کەمێک ترس و لەرزەوە هاتە وەڵام و وتی: « ڕۆڵەگیان، ئەترسم بۆتی باس بکەم و تۆش بۆ خەڵکی دیکەی بیگێڕیتەوە! ئیتر قوڕ ئەکرێ بە سەرمانا و ئەو وەخت ڕەنگە بەرپرسانی دەوڵەت بێن و هەمیسان باوکت بگرنەوە.»
خۆم لە دایکم پتر نزیک کردەوە و بە پاڕانەوە و لالانەوە دیسان پرسیارەکەم دووپات کردەوە. دایکیشم وتی:» ڕۆڵەگیان، ئەو بەیانییە پێش لە ڕووداوەکە، باوکت هەرچی نان و پێخۆری ئامادەمان هەبوو، پێچایەوە و لە ماڵ وەدەر کەوت. ئەو پارچە زەوییەی خۆشمان کە کردبوومان بە گەنم، وەک ئەزانی زۆر لە ماڵەوە دوور نییە. کەوێڵێکی تێدابوو. کۆمەڵێک پێشمەرگەی ماندوو کە لە ڕێی دوورەوە هاتبوون، خۆیان لەوێدا حەشار دابوو.
خلەی ئەحە کە دیاربوو ئەوە یەکەم جاری نەبوو سیخوڕی بۆ ڕێژیم بکا، ئەکەوێتە دوای باوکت و شوێن پێی هەڵئەگرێ تا دەگاتە نزیکی پێشمەرگەکان. هەر کە ئەزانێ ئەوانە پێشمەرگەن، ئەگەڕێتە ماڵەوە و لەوێشەوە بە هەڵەداوان خۆی ئەگەیەنێتە نزیکترین پێگەی ڕێژیم و هەواڵەکەیان پێڕادەگەیەنێ. پێگەی ڕێژیمیش دوای دڵنیابوون لە ڕاستی هەواڵەکە، لە ڕێگای بێتەلەوە داوای هێز دەکا. ئەوە بوو، دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، تەقە لە نێوان هێزی ڕێژیم و پێشمەرگەدا دەستی پێکرد.
چوومە نێو قسەکانی دایکم و پرسیم: « پێشمەرگە کێ یە؟»
دایکم وەڵامی دایەوە: « کوڕ و کچی ئەم خەڵکەن. داوای مافی کورد دەکەن. ئێژن: کوردیش مافی خۆیەتی بە زوانی خۆی بخوێنێ، جل و بەرگی خۆی لە بەرکا و لە جیاتی ئەوەی لە شوێنەکانی ترەوە بەرپرسی دەوڵەتی بۆ بنێرن، با بەرپرس و کاربەدەستەکانی لەم خەڵکەی خۆی بێ.
ئەوە نییە ڕۆڵەگیان، تۆ لە حاڵێکدا هێشتا بە سەختی بە زوانەکەی خۆت قسە ئەکەی، ئەبێ بە فارسی بخوێنی. کوڕەکەم، پێشمەرگە بۆ وەدەست هاوردنی ئەو ئامانجانە شەڕ ئەکا.» لێرەدا خەریک بوو، مێشکم بتەقێ. بۆیە جارێکی تر قسەکانم بە دایکم بڕی و پرسیم: « ئەگەر پێشمەرگە بۆ مافی ئێمە شەڕ ئەکەن، ئەی بۆ گەنمەکەی خۆمانیان سووتاند؟»
دایکم لە کاتێکدا خەریکی ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ بوو، وتی:» کاتێک هێزی دوژمن بە هەموو چەکێکی سووک و نیوەقورسەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە، چوون شوێنی پێشمەرگەکان چڕ و بژوێن بوو و بۆ دوژمن بە باشی نەدەبینرا، سەرەنجام دەستیان کرد بە تەقاندنی گوڵەی ئاگرین. لە ئاکامی هاویشتنی ئەو گوللەگڕدارانەدا گەنمەکە گڕی تێبەربوو و سووتا.»
ئەو کاتە زانیم کە ئەوە چەکدارەکانی ڕێژیم بوون گەنمەکەیان سووتاندووە، نەک پێشمەرگە. بۆیە لە خۆمەوە، کەوتمە سەرکۆنەکردنی خۆم.
دایکم دوای ئەوەی ڕاستی ڕووداوەکەی بۆ باس کردم، درێژەی بە باسەکە دا و وتی: « ئەو ساڵە تەنیا بەرهەمەکەمان نەسووتا، بەڵکوو باوکیشتیان ڕاپێچی گرتووخانە کرد و خەریک بوو بە تاوانی یارمەتیدانی پێشمەرگە بیکوژن. لە بەر ئەوەی خلەی سیخوڕ چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، بە دەست پێشمەرگەکان بە سزای خۆی گەیشتبوو و کوژرابوو، کەسی تر نەبوو، سکاڵا لە سەر باوکت تۆمار بکا، بۆیە دوای دوو ساڵ ڕزگاری بوو.»
دیسانەوە چوومە نێو قسەکانی دایکم و وتم: «کەواتە ئەو دوو ساڵەش بەردەوام لە وەڵامی مندا، ئەتوت باوکم چووە بۆ کرێکاری و لە شارە دوورەدەستەکانی ئێراندا خەریکی کرێکارییە، ڕاست نەبوو. بەڵکوو لە زینداندا بووە؟!»
دایکم وێڕای پشتڕاستکردنەوەی قسەکەم، ڕایگەیاند: « زۆر شت کاتی خۆی ڕووی داوە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە و نەمانوێراوە باسی بکەین. لە ترسی دوژمن و گزیر و سیخوڕەکانی، خۆمان لە درکاندنی ڕاستییەکان بواردووە. ئێستەش ئەوە پەنا بە خوا دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە خەریکە بەرەو نەمان ئەچێ. ئەگینا کێ ئەیوێرا باسی ڕووداوەکان وەک خۆیان بکا؟»
زانیم دایکم زۆر ماندووە، بەڵام پرسیارێکی دیکەم مابوو، نەمدەتوانی هەر وا بە سەریدا تێپەڕم، بۆیە ڕووم کردە دایکم و پرسیم: « دایە، توو خوا ئەو ڕۆژە کە گەنمەکەمان سووتا، پێشمەرگەکانیش مردن؟»
دایکم بە هەستێکی دایکانەوە هاتە وەڵام وتی: « نە، ڕۆڵەگیان. خوا نەکا. پێشمەرگەکان کە بە جموجووڵی دوژمنیان زانیبوو، زۆر بە پەلە شوێنەکەیان بەجێهێشتبوو و چووبوون لە پشتەوە هێرشیان کردبووە سەر هێزی دوژمن. لە ماوەی یەک کاتژمێردا دوژمنیان تێکشکاند و وایان لێکردن، بە سەر شۆڕییەوە بەرەو پێگەکەیان هەڵبێن.
وەک پێشتر بۆم باس کردی، چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوەش، شەوێک پێشمەرگەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی خلە و دوای ئەوەی گرتیان. بردیان و لە سەر ئەو تەپۆڵکەیەی بەرامبەر دێدا، بە تاوانی کردەوە دژی گەلییەکانی کوشتیان.»
لە دوای ئەو ڕۆژە و بیستنی چۆنیەتی ڕوودانی ڕاستەقینەی گەنم سووتاندنەکە، باشتر پێشمەرگەم ناسی و لە باتی ئەوەی ڕقم لێیان بێتەوە، خۆشم ویستن. چوونکە دایکم ئەیوت: «ئەوان بۆ ڕزگاری کوردستان و نان و ئازادی کورد گیانی خۆیان بەخت دەکەن. ئەگەر بە ناچاری تووشی شەڕیش ببن، هەوڵ دەدەن کەمترین خەسارەت وەبەر خەڵک بکەوێ.»
کە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی جێی ئەوی گرتەوە، بە هەموو هەست و هزر و بیرێکەوە لە پێشمەرگە و ئامانج و ویست و داوخوازەکانی ورد بوومەوە، تێگەیشتم ئەوە خەڵکە کوڕ و کچی خۆی پەروەردە دەکا تا بیانێرێتە ڕیزی پێشمەرگە.
هەر وەها ئەوە زەبر و زەنگی داگیرکەرانە وا لە کوڕ و کچانی کورد دەکا، ببنە پێشمەرگە و چەکی بەرگری و دیفاع بکەنە شان. لە سۆنگەی ئەو ڕاستیانەدا بوو، چەند ساڵ دواتر کە بۆ خۆشم بووم بە پێشمەرگە و چوومە ڕیزی خەباتگێڕانی گەلەوە، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت، ئەگەر سەرجەم برسیەتی و ماندووبوونەکانی ژیانی منداڵیم کۆ بکەمەوە، ناگاتە تاقە ڕۆژێکی ژیانی پێشمەرگایەتی.
لە ژیانی ئاساییدا خەڵک برسی دەبێ، بەڵام ژیانی لە مەترسیدا نییە. کەچی لە پێشمەرگایەتیدا وێڕای برسیەتی و تینوویەتی و ماندووبوون، مەترسی ئەوەش لە گۆڕێ دایە کە ڕەنگە دوژمن لە هەر کات و ساتێکدا هێرش بکاتە سەری و تووشی شەڕ و مردن ببێ.
ئێستا کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ بە سەر ڕووداوی گەنم سووتاندنەکەدا ڕادەبرێ، بە هەموو هەست و هزر و بیرێکی کوردانەوە لە بەرامبەر گەورەیی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگەدا سەردادەنەوێنم و دەبێژم: ئەو وتەیە کە «پێشمەرگە بە باسکی بە هێزی گەل و پارێزەری شەرەف و کەرامەت و سەروەری نەتەوەی کورد»، پێناسە دەکا، بە هەق لە جێی خۆی دایە.
بۆیە یاد و بیرەوەی خەباتی ئەو ڕۆڵە خەباتگێڕانە هەر دەم لە دەفتەری بیرەوەری میلیونان کوردی تینووی ئازادی و سەربەستی کوردستاندا دەمێنێتەوە. ئەو مەشخەڵەی ئەوان هەڵیانکردووە، ئەوەتا لە باشووری کوردستاندا ڕووناکی دەبەخشێ و هاکا لە قامیشلۆ و کرماشان و ئامەدیش وڵات تیشکاوێژ بکات!
ماوەتەوە، لە خاوەن پێنووسەکان بخوازم: ژیان و خەباتی پێشمەرگە بنووسن تا مێرمنداڵانی داهاتووی ئەو خاک و ئاوە بزانن کە پێشمەرگە ڕۆڵەی بەوەفای گەلی خۆیەتی و بە خوێنی گەشی داری ئازادی ئاو دەدا تا بۆ کورد و کوردستان بێتە بەر.

*. تەسە: تەشت، ناندێن، ئەو دەفرەی لە گوندەکاندا نانی تێدا هەڵدەگرن.

---

# چەند کورتە شێعری پێشمەرگانە بۆ ٢٦ی سەرماوەز

**هۆنینەوەی نادر ئەڵڵایاری**

ڕووم تێکرد
لە «با»م پرسی
پیاهەڵگەڕانی کامە شاخ
شەکەتی کردی؟
بە هەنسکەهەنسک و
خیسەی
سینگییەوە وتی:
لاپاڵی گەردن و کاکۆڵی
پێشمەرگە نەوێ
باڵابەرز شاخێ
ڕەوکەرم نەناسی

هەر خاکی پۆشێ
گشت ڕەنگەکانی نیشتمانی
لەخۆ نەگرتووە
چەشنی تۆ
لە دڵی هەر کوردێ و ...
لە بیری داگیرکەرا
هێڵانەی نەکردووە

ئێرەیی ئەبەن
شاخ و لاپاڵ و کەل
ئارۆ
لە دێ میوانە
باسکی بەهێزی گەل

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No :813 • 21 December 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

